# قووڵبوونەوەی شوناسە لۆکاڵیەکان وکاریگەریان لەسەر بونیادنانەوەی عێراقی نوێ لەدوای ساڵی 2003

یاسین ئاشوور جەوهەر
کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان

**پوختە**

چەمکی شوناس یەکێکە لەچەمکە زۆر ئاڵۆزو دژوارەکان ولەهەمان کاتیشدا بەهۆی پەیوەندی و بەناویەکداچوونی لەگەڵ زۆر چەمك وپرسی دیکەدا وایکردووە لێکۆڵینەوە تیادا قورس بێت. لەپاش کەوتنی سیستەمی سیاسی پێشووی عێراقەوە لە (نیسانی 2003) شوناسی نیشتیمانی زیاتر بەسەر شوناسە لۆکاڵیەکاندا وەك شوناسی ئیتنیکی، ئاینی، تایفەگەری، ناوچەگەری، هۆزگەری و پارتیگەری دابەشبوو. بێگومان فاکتەرگەلی زۆر لەپشت قوڵبونەوەی شوناسە لۆکاڵیەکانەوە هەیە. لەڕاستیدا قوڵبونەوەی ئەم شوناسانە بوونەتە هەڕەشە بۆ سەر شوناسی عێراق. هەڵبەتە ئەم هەڕەشەیەش دەرئەنجامێکی واقعی ئەو بارودۆخە کۆن وئێستایەی عێراقە بەگشتی.

بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوەکە بۆ دوو تەوەر دابەشکراوە. تەوەری یەکەمی بۆ چەمکی شوناس بەگشتی لای توێژەرانی بواری سۆسیۆلۆگی وسایکۆلۆژی وزانستی سیاسی تەرخانکراوە. تەوەری دووەمیش لەچەند باسێکدا چەختی کردوەتە سەر سروشتی پێکهاتەی کۆمەڵگەی عێراق وپاشان باسکردنی هۆکارەکانی پشت قوڵبونەوەی شوناسە لۆکاڵیەکان و؛ کاریگەری ئەمەی دواییان لەسەر ئاستی سیاسی وگەشەی ئابووری و بواری کۆمەڵایەتی وکلتوری. توێژینەوەکە بەچەند ئەنجامێك کۆتایی هاتووە. لەگرنگترین ئەو ئەنجامانە ئەوەیە کە ئەگەر ئەم شوناسانە بەم شێوازەی ئێستا بمێننەوە؛ لەداهاتوودا دەرئەنجامی نێگەتیڤی بۆ سەر شوناسی نیشتیمانی دەبێت وبەرەو هەڵوەشاندنەوە دەچێت.

کلیلی توێژینەوە: شوناس، شوناسی لۆکاڵی، پرۆسەی سیاسی، بەجیهانیبون.

**پێشەکی**

لەساتە وەختی دروستبونی دەوڵەتی عێراقەوە لەسەرەتای دەیەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە، پرسی دروستکردنی شوناسێکی نیشتیمانی بۆی کەتیایدا تەواوی شوناسە نەتەوەیی و ئاینیی و مەزهەبیی و زمانیی و ناوچەییەکان لەخۆبگرێت و لەسەرووی هەموو ئەم شوناسانەوە مانڤێست بێت، یەکێك بووە لەپرسە هەرە گرنگ و پڕ لەکێشمەکێشەکانی ناو گوتارە جیاجیاکانی دەستەبژێرە سیاسی و ئاینی و رۆشنبیرەکانی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق. لەزۆربەی وێستگە مێژووییەکانی سەدەی بیستەمی ئەم دەوڵەتەدا هەوڵی سەپاندنی شوناسێکی ناسیۆنالیستی عەرەبی- ئاینی (سونی) ئامادەیی هەبووە، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش پیاوە سیاسی و دەستڕۆیشتووەکانی دەسەڵاتی دەوڵەت پەنایان بۆ بەکارهێنانی توندو تیژی و بەکارهێنانی هێزی رێکخراوەیی دەوڵەت بردووە. لوتکەی ئەم توندو تیژیە لە تاوانی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵبجەدا بەروونی بەدەرکەوت. بەڵام وێرایی هەموو ئەم هەوڵانە لەدواجاردا شکستیان خواردوو وعێراقیان رووبەڕووی گەورەترین قەیرانی شوناس کردەوە. لەبەرامبەر ئەمەشدا وەك دەرئەنجامێکی چاوەڕوانکراو نەتوانرا ئەو شوناسە نیشتمانیە دروست بکرێت کەتیایدا مافو ئازادی و سەروەریەکانی هەموو پێکهاتە جیاجیاکانی عێراق لەخۆبگرێت.

بێگومان قەیرانی دروستکردنی شوناسێکی نیشتمانی بۆ ئەو هەمەڕەنگی و فرەییە نەتەوەیی و ئاینیی و مەزهەبیی و زمانی و ناوچەییە دەگەڕێتەوە کە لەعێراقدا بوونی هەیە، ئەمە وایکردووە هەمیشە ئەم وڵاتە لەقەیرانێکی سەختی شوناسی نیشتمانیدا بژیت و، نەتوانێت ناوەڕۆك و چیەتی چەمکی هاوڵاتیبوون بچەسپێنێت ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە فەرمانڕەواکان و دەستبژێرە سیاسیەکان بەعەقڵێکی کراوەو شارستانی و مۆدێرنەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم فرەیی و جیاوازیانەدا نەکردووەو نەیانتوانیوە

گوتارێکی ئەوتۆ بەرهەمبێنن کەخزمەت بەهاوڵاتی عێراق بکات وەك تاکێك بەدوور لەئینتیما نەتەوەیی‌و ئاینی‌و مەزهەبی‌و زمانی‌و ناوچەیی. ئەمە جگە لەو هۆکارە دەرەکیانەی کە لەمپەر بوون لەهەمبەر دروستکردنی ئەو سوناسە نیشتیمانییە. ئەمە سەرباری ئەوەی هەمیشە شوناسێکی لۆکاڵی ناوخۆیی عێراق ویستویەتی کلتورو پرۆژەی سیاسی‌و ستراتیژی نەتەوەیی خۆی وەك شوناسێکی گشتی نیشتیمانی بناسێنێت‌و هەوڵی چەسپاندنی بدات‌و مۆرکێکی لۆکاڵی ببەخشێتە شوناسی نیشتیمانی.

کەواتە کاتێك دەوڵەت وەك فەزایەکی گشتی‌و گەورە شکست دەخوات لەئەرکەکانیداو ناتوانێت مامەڵەیەکی هاوسەنگ لەنێوان خەڵکەکەیدا رابگرێت ئەو کات خەڵکەکەی لەجیاتی گوێڕایەڵی یاساکانی‌و فەرمانەکانی پەنا بۆ کۆمەڵگا لۆکاڵیەکی خۆی دەبات، چونکە لێرە هەم ئارامی‌و هەم شکۆشی دەپارێزرێت. بۆیە گەڕانەوەو مانەوە لەناو شوناسە لۆکاڵیەکاندا هۆکاری سەرەکی شکستی دەوڵەت‌و دەستە فەمانڕەواکەیەتی. ئەگەر چی عێراق هەمیشە قەیرانی شوناسی نیشتمانی‌و تێنەپەڕاندنی شوناسە لۆکاڵیەکانی هەبووە بەدرێژایی سەدەی بیستەم، ئەوا لەدوای رۆخانی سیستەمی حوکمڕانی پێشووەوە لە ساڵی (2003) قوڵبوونەوەی شوناسە لۆکاڵیەکان دەبنە دیاردەیەکی باو وتەنانەت خۆشەویست‌و پڕماناش لای هاوڵاتی عێراق. گەڕانەوەی بێمەرج‌و مانەوە لەناو قاڵبی نەتەوەو مەزهەب‌و ناوچەو ورتر لەناو هۆزو عەشیرەتدا دەبنە کۆسپی گەورەی بەردەم هەوڵەکانی دووبارە بونیادنانەوەی عێراق‌و چارەسەرکردنی قەیرانی شوناس.

لێرەوە هۆکاری سەرەکی ئەم توێژینەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رۆڵە گرنگ‌و چارەنوسسازەی کە شوناسی نیشتیمانی دەیگێڕێت چی لەبونیادنانی وڵاتێکی سەقامگیرو پێشکەوتوو یاخود داڕشتنەوەی دەوڵەت لەسەر بنەمای لاوازو شکستخواردوو. لەهەمان کاتیشدا ئەو لێکەوتە خراپانەی کە لەقوڵبونەوەی شوناسە لۆکاڵیەکان دەکەوێتەوە.

## گرنگی توێژینەوە

چۆنێتی‌و چەندێتی دوان لەسەر پرسی شوناس لەوڵاتێکی پڕ کێشمەکێش‌و ئاڵۆزی وەك عێراق ودیاریکردنی رەهەندو خاڵە نێگەتیڤ‌و پۆزەتیڤەکانی تیایدا گرنگی تایبەت بەخۆی هەیە لەوەی کەئەم پرسە راستەوخۆ پەیوەندی بەدووبارە بونیادنانەوەی ستراکچەری ئەم دەوڵەتەوە هەیە بەتایبەت لەکاتێکدا کەهێشتا شوناسی نیشتیمانی وەك فۆرمێکی روون‌و مۆدێرن لەخزمەت پرۆژەی دەوڵەتسازی عێراقدا دەرنەکەوتووە.

## سنوری شوێنی‌و کاتی توێژینەوە

سنوری شوێنی توێژینەوەکە وەك لەناونیشانەکەدا هاتووە هەموو دەوڵەتی عێراق دەگرێتەوە بەهەرێمی کوردستانیشەوە لەسەر ئەو بنەمایەی کەئەمەی دواییان بەشێوەیەکی دەستوری لەچوارچێوەی سەروەری‌و سنوری سیاسی دەوڵەتی عێراقدایە. سنوری کاتیەکەشی دەرکەوتەو لێکەوتەکانی شوناسە لۆکاڵیەکان دەگرێتەوە لەپاش ساڵی (2003).

## کێشەی توێژینەوە

گرنگترین کێشەیەك ئەم توێژینەوە شەن‌وکەوی دەکات ئەوەیە کە ئەگەر بوونی شوناسێکی نیشتیمانی یەکگرتوو لەناوخۆی وڵاتێکدا ئەوەندە گرنگە بۆ دەرخستن‌و پایەدارکردنی دەوڵەت چی لەسەر ئاستی ناوخۆیی، هەرێمی یاخود نێودەوڵەتی بۆچی لەعێراقدا ئەم شوناسی نیشتیمانیە دەکەوێتە پاش شوناسەکانی دیکەوە؟ لێرەوە دەمانەوێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە:

1- شوناس‌و جۆرەکانی شوناس چیە؟

2- فاکتەرەکانی پشت قوڵبونەوەی شوناسە لۆکاڵیەکان لەعێراق لەپاش ساڵی (2003) چین؟

3- کاریگەری شوناسە لۆکاڵیانە چین لەسەر ئاستی سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی؟

## گریمانەی توێژینەوە

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی سەرەوە توێژینەوەکە گریمانەیەکی سەرەکی پێشنیارکردووە کە دەڵێت: هەرچەندە قوڵبونەوەی شوناسە لۆکاڵیەکان لەعێراق کاریگەری نێگەتیڤی کردوەتە سەر ئەدای گشتی سیستەمی سیاسی‌و، لێکترازانی نەسیجی کۆمەڵگەی عێراق لێکەوتوەتەوە، بەڵام دەکرێت ئەم شوناسە لۆکاڵیانە بگۆڕدرێن بۆ فاکتەری پۆزەتیف لەبونیادنانەوەی وڵاتی عێراق ئەگەر دەوڵەت وەك دەزگایەکی مۆدێرن‌و شارستانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات.

**میتۆدی توێژینەوە**

لەبەرئەوەی بابەتی توێژینەوەکە بابەتێکی قوڵو فرە رەهەندە پەنامان بۆ دوو میتۆدی سەرەکی بردووە. یەکەمیان: میتۆدی شیکردنەوەی سیستەم کەتیادا مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتدا دەکات وەك سیستەمگەلێکی دامەزراوەیی کە دەکەوێتە ژێر کاریگەری فاکتەری جوگرافی، پێکهاتەی چینایەتیو بونیادی تەقلیدی کۆمەڵگا، هەروەها گۆڕاوە نێودەوڵەتیەکان. دووەم: میتۆدی بونیادگەری بەرادەیەك بەکارهاتووە بۆ ناساندنو هەڵسەنگاندنی بەشەکانی گشت واتە ئەو بەشانەی پێکەوە کارلێکدەکەن.

**پلانی توێژینەوە**

توێژینەوەکە لەدوو تەوەری سەرەکی پێکهاتووە. تەوەری یەکەم تەرخانکراوە بۆ چوارچێوەی تیۆری چەمكو پۆلێنەکانی شوناس بەگشتی. تەوەری دووەم تیشك دەخاتە سەر بونیاد کۆمەڵگای عێراقو دوورکەوتنەوەی پێکهاتە جیاوازەکانی لەیەکتریو پەنابردن بۆ شوناسی لۆکاڵی لەپاش ساڵی (2003). هەروەها کاریگەری قوڵبونەوەی شوناسە لۆکاڵیەکان لەعێراقدا کراوە لەسەر ئاستە جیاوازەکان لەگەڵ داهاتووی ئەم شوناسانە کە چارەنوسیان بەکوێ دەگات.

توێژینەوەکە ئەنجامو لیستی سەرچاوەکان کۆتایی پێهاتووە.

**تەوەری یەکەم: دەروازەیەکی تیۆری دەربارەی شوناس**

چەمکی شوناس یەکێکە لەو چەمکە زۆر ئاڵۆزانەی ناو زانستە کۆمەڵایەتیەکان کەبەدوای خۆیدا زۆرێك گفتوگۆو مشتومڕی هێناوە. هەڵبەتە پرسی شوناس وەك بابەتێکی فەلسەفی کۆمەڵایەتی رەگ وریشەیەکی مێژووی دوور ودرێژی هەیە ودەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گرنگیدان بەفەلسەفە لای گریکەکان[i]. بەڵام گرنگیدان بەشوناس وەك دیاردەیەکی سیاسی ودەرکەوتەیەکی ناو زانستە کۆمەڵایەتیەکان وسیمای زەق کۆمەڵگاکان تەمەنێکی کورتی هەیەو لەنەوەدەکانی سەدەی رابردوودا هاتوتە ناو کایەی ئەکادیمی وسیاسیەوە. لەو ماوەیە بەدواوە ژمارەیەکی زۆر توێژینەوەو کتێب لەسەر پرسی شوناس وکاریگەریەکانی نوسراوە. وەك (راوی عبدالعال) دەڵێت: " هۆکاری زۆری وبڵاوبونەوەی لێکۆڵینەوەکان لەسەر شوناس بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەئەم بابەتە لەدیارترین لایەنە پێوەریە گرنگەکانەو لەهەموشیان زیاتر کاریگەری لەسەر رەفتاری سیاسی هەیە"[ii]. بەڵام وێڕای ئەم زۆری توێژینەوەو نوسینانە هێشتا چەمکەکە بەئاڵۆزی ماوەتەوەو لەناو کایەی زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا پێناسەیەکی گشتگیرو روون نیە بۆی. بێگومان فاکتەری زۆر هەیە کەوایکردووە شوناس ئەو هەموو ئاڵۆزیە لەخۆبگرێت. لەپێش هەموویانەوە فرە ماناو فرە ناوەڕۆکی شوناس خۆیەتی، هەروەها فراوانی وگشتگیریەکەیەتی. ئەمە جگە لەجیاوازی ئەزمونەکان و رووداوەکان وئەو هۆکارو گۆڕاوانەی کەبەشداری لەدروستکردنیدا دەکەن، هەروەها جیاوازی ئەو بوارە مەعریفیانەی کە تاوتوێی چەمکەکەیان کردووە وهەوڵی ئەوەیان داوە لەبەهاو فۆرم ودونیابینیەکانی خۆیان نزیکبکەنەوە.

لەتەنیشت ئەو راستیانەی سەرەوە، لێرەدا بەشێوەیەکی کورت هەوڵدەدەین هەندێك لەو هەوڵانە بخەینەروو کە لەم بوارەدا دراون. بۆ ئەم مەبەستەش ئەم تەوەرە دابەشدەکەین بۆ:

**1- چەمکی شوناس لەرووی زمانەوانییەوە**

چەمکی شوناس لەزمانی کوردیدا چەمکێکی تازەیە، تەمەنێکی کورتی هەیە ودەگەڕێتەوە بۆ نەوەدەکانی سەدەی بیستەم. لەناو نوسینی ژمارەیەك نوسەری کوردا قسەی لەبارەوە کراوە. بەڵام ناوەڕۆکی ئەم چەمکەش وەك زۆر چەمکی دیکەی ناو زانستە کۆمەڵایەتیەکان لەداهێنانی ئەدەبیاتی کورد نیە. لەناو ئەدەبیات ونوسینە کوردیەکاندا هەردوو چەمکی (شوناس- ناسنامە) وەك هاومانا بەکارهاتووە[iii]. لەراستیدا کاری ئەم توێژینەوە نیە وردو درشتی ئەم چەمکە لەناو زمانی کوردیدا ساغبکاتەوە ئەمە بەجێدەهێڵین بۆ ئەهلی زمان ناسەکانی زمانی کوردی. بەڵام توێژەر بەکارهێنانی چەمکی شوناس بەباشتر دەزانێت چونکە چەمکە زیاتر ئاشناتر وبەربڵاوترە وەك چەمکی (ناسنامە) چونکە ئەمە زیاتر بەرامبەر بە وشەی (الجنسیە)ی زمانی عەربی بەکارهاتووەو چەسپیوە.

چەمکی شوناس وەرگێڕانی وشەی (identity) ئینگلیزی و وشەی (الهویة) زمانی عەرەبیە. لەزمانی ئینگلیزدا (identity) لەوشەی (identitas) لاتینەوە وەرگیراوە بەدوو مانای بەڕەواڵەت دژواز بەکاردێت: 1- وەکیەکی ویەك چەشنی رەها. 2- لێکجیایی کەهەڵگری

جێگیری وبەردەوامییە بەدرێژای زەمەن[iv]. لەفەرهەنگی (کامبریج)شدا بەهەمان مانا بەکارهاتووە "ئەو کێیە"؟ یان تایبەتمەندیەکانی کەسێك یان گروپێك کە وایان لێدەکات لەوانی دیکە جیاواز بن"[v]. لەزمانی عەرەبیشدا (الهَوية) بەمانای بیری قوڵ دێت. بنەڕەتی وشەی (هوی) واتە کەوتنە خوارەوە لەسەر بۆ خوارەوە. بەڵام چەمکی (الهُوية) لەڕاناوی تاکی نێر (هو)هوە داڕێژراوە[vi]. بەم مانایە (الهُوية) یان شوناسی مرۆڤ گوزارەیە بۆ (ئەو) کە چیە؟ ئەو کە کێیە؟[vii] واتە دەستنیشانکردن وناوەڕۆکی کەسایەتیەك کەئەوە ئەوەو جیایە لەئەوانی تر[viii]. بۆیە لەزمانی عەرەبیدا زیاتر (الهُوية) بەکاردێت، چونکە لەرووی زانستیەوە دروستترو وردترە. بەم مانایە شوناسی خود لەزمانی عەرەبیدا بەدیاریکردنی شوناسی ئەوی تر دەست پێدەکات، واتە لەئەوی ترەوە دەستپێدەکات، بەڵام لەزمانی ئینگلیزیدا لەخودەوە دەستپێدەکات، بەڵام لەمانای گشتیدا هەردووکیان یەك ئاراستەی واتایی دەبەخشن، یانی هەمیشە شوناسی تاك یاخود گروپ لەڕێگەی ئەوی ترەوە درکی پێدەکرێت، کەدەبێت هەمیشە ئەویەکی تر هەبێت لەم نەچێت و جیاوازبێت.

**2- چەمکی شوناس لەرووی زاراوەوە**

زۆربەی شارستانیەتەکان وئاراستە هزریەکان گرنگی تایبەتیان بەپرسی شوناس داوە، ئەو پرسەش لەوەدا بەرجەستە بووە کە (مرۆڤ کێ یە)؟ یان شوناسە گشتیەکەی بوونی چیە؟ بۆیە توێژەری ئەم بوارە بەسانایی ئامادەگی ئەم پرسیارە لەچەق هەموو کۆنتێکستە فەلسەفی وهزریەکان وهەروەها وەڵامە جیاوازەکانی دەبینێت. شارستانیەتی گریکی لەگۆشەنیگای ئاوەزەوە (عەقڵ) لەمرۆڤی ڕوانیوە، لەکاتێکدا شارستانیەتی ڕۆمانی چەختی کردوەتەوە سەر مرۆڤ/ جەستە، پاشان کڵێسا دێت ومرۆڤ لەعەقڵ وجەستە دائەماڵێت ودەیکاتە بوونەوەرێکی ڕۆحی. دواجاریش شارستانیەتی هاوچەرخی ڕۆژئاوا دێت وشۆڕشێکی ڕیشەیی بەسەر بیرۆکەو کۆنسێپتەکانی کڵێسادا دەکات ومرۆڤ دەکاتە بوونەوەرێکی ئاوەزمەند (عاقڵ)[ix].

بەهەمان مانای سەرەوە (ستیوارت هول Stuart Hall) پێی وایە کۆنسێپتی شوناس بەسێ قۆناغدا تێپەڕیووە، لەهەر قۆناغێکیشدا بیرۆکەی شوناس باڵادەستبووە بەسەر بیرکردنەوەی باڵادەست و باودا لەمەڕ کۆمەڵگا، ئەوسێ قۆناغەش بریتین لە[x]:

1- سەبجێکتی ڕۆشنگەری: هۆل پێ وایە لەکۆمەڵگاکانی قۆناغی بەر لە مۆدێرنێتە (pre modernity) شوناسەکان بەشێوەیەکی گەورە لەسەر ستروکتورە تەقلیدەکان دەوستان بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بەپێگەی ئاینەوە هەبوو. لەم کۆمەڵگایەندا تاکەکان وەها تەماشانەدەکران کەخاوەن شوناسێکی تایبەت بەخۆیانن، بەڵکو ئەوان تەنها بەشێکن لەزنجیرەیەکی دوورو درێژی بوون (الوجود). واتە لێرەدا پلەبەندیەکی یەك دوای یەك هەیە کە لەخوداوەندەوە (لوتکە) دەستپێدەکات وبە پادشاکاندا تێپەڕدەبێت وپاشان بۆ بونەوەرە مرۆییە کەمتر گرنگەکان درێژدەبێتەوەو بەئاژەڵەکان ورووەکەکان ودواتر شتە نازیندووەکان کۆتایی دێت. هەموو ئەمەش مانای ئەوەیە کەتاك لەتایبەتمەندیە تاکییەکانی خۆیەوە شوناسی خۆی بەدەستناهێنێت، بەڵکو لەپێگەکەیەوە دێت لەناو زنجیرەی شتەکاندا. بەڵام بەهاتنی مۆدێرنێتە ئەم تێگەیشتنە بۆ شوناس بەتەواوەتی گۆڕا. لەماوەی نێوان هەردوو سەدەی شازدەیەم وهەژدەیەمدا کۆنسێپتێکی تازە بۆ شوناس بەدەرکەوت و بووە باڵادەست. ئەم کۆنسێپتە نوێیەش دوو تایبەتمەندی سەرەکی لەخۆگرت ئەوانیش: 1- سەبجێکتی تاك واتەماشادەکرا بەوەی کەقابیلی دابەشکاری نییە، واتە هەموو تاکیك خاوەن شوناسی تایبەت بەخۆیەتی وئەم یەکشوناسیەش ناکرێت بۆ یەکەی بچوکتر دابەشبکرێت. 2- شوناسی هەموو تاکێك جیاوازە (ناوازەیە) (Unique). ئەمەش بەپێچەوانەی دونیابینی کۆمەڵگاکانی پێش مۆدێرن تاك چیتر بەشێك نەبوو لەشتێکی گەورەتر، بەڵکو واتەماشا دەکرا کەخاوەن شوناسێکی جیاوازەو تایبەتە بەخۆی.

2- سەبجێکتی سۆسیۆلۆگی: بەهۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکانەوە لەسەدەی نۆزدەیەم وسەرەتای سەدەی بیستەمدا چەمکەکانی سەبجێکت وشوناسە تاکییەکان بەرچاویان بەخۆیانەوە بینی. بەهۆی شۆڕشی پیشەسازی وبەشاریبوون (Urbanization)، کۆمەڵگاکان بەتایبەت ڕۆژئاوا بەشێوەیەکی بەرچاو پشتیان بەدامەزراوە و دام ودەزگاکان دەبەست وبەتەواوەتی ژیانی خەڵکیان ڕەنگ ڕێژکرد. لێرەدا تاك بوو بە بەشێکی زۆر بچوکی ناو چوارچێوەی ماشێنی بیرۆکراسی وکارگێڕییەکانی دەوڵەتی مۆدێرن. بەم شێوەیە چیتر تاك شتێکی جیاوازو دانەبڕاو نەبوو لەتاکەکانی دیکە، بەڵکو پەیوەندییەکانی نیوان تاك وکۆمەڵگا باوەڕگەلێکی کۆمەڵایەتی وپرۆسیسگەلێکی کۆمەڵی (collective process) تێی ئاخێنران. لەناو ئەم قۆناغەدا (هول) پێداگری لەسەر شوناس وکارلێکە سیمبولییەکان (Symbolic Interaction) دەکات وپێی وایە ئەمە باشترین نمونەیە لەسەر بیرۆکەی شوناسی تاکێتی. ئەم تیۆرە پێی وایە کە شوناسی تاك تەنها وتەنها لەڕێگەی کارلێکی تاکەوە لەگەڵ ئەوانی تردا دروست دەبێت. بەپێی

بۆچوونی لایەنگرانی ئەم تیۆرە خەڵکی بەردەوام دەبن لەبەدەستهێنانی تاکێتی خۆیان؛ بەڵام ئەم تاکێتیە تەواو جیاواز نییە لەکۆمەڵگا، واتە لێرەدا شوناس وەك پردێك کاردەکات لەنێوان تاکی کۆمەلایەتی وتاکی پەتی (الخالص). بەڵام دیسانەوە (هول) دێتە سەر ئەوەی کە هەردوو تیۆری کارلێکە سیمبولییەکان وسەبجێکی کۆمەلایەتی رەنگە بۆ ماوەی قۆناغی مۆدێرنیتە شیاوبن، بەڵام چیتر ئەم تیۆرانە لەسەردەمی پۆست مۆدێرنەدا یان لە (Late Modernism)شیاون نین. لەم سەردەمەدا کۆمەڵگا هاوچەرخەکان بەبوونی شوناسە بەشەکییەکان ( Fragmented Identities) دەناسرێنەوە، واتە لەم کۆمەڵگایانەدا چیتر خەڵکی خاوەن بیرۆکەیەکی یەکگیربین دەربارەی شوناسیان، بەڵکو خاوەن شوناسگەلێکن کەرەنگە هەندێك جار پێچەوانە ودژبەیەکیش بن. ئەم دوا قۆناغە کە (هول) باسی دەکات دەربارەی کۆنسێپتی شوناس، واتە مرۆڤ لەیەك کاتدا خاوەن چەندین شوناسە، ئەم فرەیی شوناسەش دەرئەنجامی پێشکەوتنی بێوێنەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە لەسەر هەموو ئاستە جیاوازەکان. واتە پرسی بەجیهانیوون پرسێکە گەورەترین کاریگەری کردوەتە سەر بوژاندنەوەو چەکەرەکردنی فرە شوناسی یان ئەوەی ئێمە لەم تویژینەوەدا ناومان ناوە شوناسی لۆکاڵی بەرامبەر بەشوناسی نیشتیمانی کەشوناسێکی باڵاترەو لەسەروو هەموو شوناسەکانی ترەوەیە بۆ هاوناهەنگی و ئامێزانبوون (integration) ودەسەبەرکردنی پێکەوە هەڵکردن و تەبایی بوون لەنێوان هەمە چەشنی ئاینی وئاینزایی ونەتەوەیی وئیتنیکی ناو وڵاتێکی دیاریکراو.

هەڵبەتە قەیرانی شوناس وەك (سامۆئیل هانتگتۆن)بۆی دەچێت قەیرانێك نییە تایبەت بێت بەوڵاتێك یان نەتەوەیەك، بەڵکو سیفەتێکی بەربڵاوی جیهانی هاوچەرخە، تارادەیەك لەهەموو شوێنێك خەڵکی دووبارە پرسیاری ئەوە دەکەن کەئێمە کێین؟ ئینتیمامان بۆ کوێ هەیە؟ خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان کامەیە؟ بەچی لەگەلانی دیکە جیاوازن؟[xi] هەمان نوسەر پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە قەیرانی شوناس لەهەموو وڵات وجێگەیەکدا یەك جۆر نییە، بەڵکو لەرووی ناوەرۆك وفۆرم وتوندییەوە جیاوازە، بەڵام لەهەمان کاتدا فاکتەرگەلێکی گشتی هەیە لەپشت ئەم دووبارە سەرهەڵدانەوەی شوناسەوە لەوانە دەرکەوتنی ئابووری جیهانی، بەرەو پێشەوەچوونی هۆکارەکانی گواستنەوەو گەیاندن، بەرزبوونەوەی رادەی کۆچکردن، تەشەنەکردنی جیهانیی دیموکراسی، کۆتایی هاتنی جەنگی ساردو سیستەمی کۆمۆنیستی بەوپێیەی دوو سیستەمی ئابووری وسیاسی شیاوبون بۆ ژیان[xii]. (هانتگتۆن) لەسەر هەمان فاگتەرگەل دەدەوێت وپرسی نوێبوونەوە (التحدیث) وپێشکەوتنی ئابووری وبەشاربون دووبارە خەڵکی پەلکێشکردوەوە بۆ تێفکرین لەشوناسیان و، دووبارە لەسەر بنەمایەکی تەسکی خۆشنودی وتایفەگەری پێناسەی بکەنەوە؛ شوناسە کلتوری وتێریتۆرییەکانی نەتەوە فەرعییەکان پێشەنگیان بەسەر شوناسە نەتەوەییە فراوانەکەدا وەرگرت. خەڵکی هەست بەئینتیمابوون دەکەن لەگەڵ ئەوانەی لەسەر شێوەی خۆیانن وئەوانەی وادەڕوانن کە لەرەگەزو ئاین ودابونەریتی هاوبەش، هاوبەشن لەگەڵیاندا. ئەم بەشکارییەی شوناسیش فۆرمی جیاواز جیاواز وەرگرتووە لەوڵاتاندا، لەهەندێك شوێندا سیفەتی توندی وەرگرتووەو بزوتنەوە سیاسییەکان داوای سەربەخۆیی وئۆتۆنۆمی سیاسی دەکەن. لێرەدا (هانتنگتۆن)ناوی کوردیش دەهێنێت بۆ هەمان داواکاری سەرەوە[xiii]. بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەم تەسکبوونەوەی شوناسەکاندا وەك (هانتنگتۆن) پێی وایە فراوانبوونی شوناسەکانیش بوونی هەیە، گەلانی دونیا لەیەك کاتدا بەهۆی هۆکارەکانی گەیاندن وخێرای سەردەمەوە دەتوانن لەگەڵ ئەو گەلانەی خاوەن کلتورو شارستانیەتی جیاوازن کارلێك بکەن؛ لەهەمان کاتیشدا دەتوانن ئینیتمایان بۆ ئەو گەلانەش هەبێت کەدوورن لێیانەوە؛ بەڵام لەئاین وزمان وکلتوردا هاوبەشن لەگەڵیان[xiv].

ئەگەر ئەوانەی لەسەرەوە باسکران گۆڕانی بەردەوامی کۆنسێپتەکانی شوناس بێت بەپێی قۆناغەکانی گەشەکردنی شارستانیەتی مرۆڤایەتی و، سەرهەڵدانی دووبارەی قەیرانی شوناس بێت لەدەیەکانی دوایی سەدەی بیستەم وسەرتای سەدەی بیستەمدا بێت، ئەوا دەکرێت پرسیاری ئەوە بکەین خودی شوناس چیە؟ جۆرەکانی چین؟

وەك لەسەرەوە دەستنیشانمان کرد ژمارەگەلێك پێناسە هەیە بۆ شوناس، کە لێرەدا بواری ئەوەمان نابێت هەمووی بەسەر بکەینەوە. بەڵام وەك توێژەرانی بواری دەروونناسی کۆمەلایەتی وکۆمەڵناسان بۆی دەچن؛ شوناس پێناسێکە یان راڤەیەکە بۆ بوون و ئینتیما(Identity is a description or, in other words, the definition of the existence and belongingness)[xv]، ئاماژەیەکە بۆ ئینتیما بۆ شتێك یان بۆ شوێنێك، ئەو شتە یان ئەو شوینە دەکرێت نیشتیمان یان گروپێك یان ئاینێك یان رێکخراوێك یان دەستەیەك ...هتد بێت. بەڵام تەنها بوونی ئینتیما شوناس تەواو ناکات؛ بەڵکو بۆ تەواوکردنی پرۆسەکە پێویستە هەستکردن

(شعور) بەو ئینتیمایە ئامادەگی هەبێت. یان وەك (هانتگتۆن) دەڵێت:"لەلایەن توێژەرانەوە هەرچۆن شوناس پیناسە بکرێت و وەلامی جیاواز جیاوازیش هەبێت ئەوا هەمووی لەدەوری یەك بابەتی ناوەندی دەسوڕێتەوە ئەویش ئەوەیە کەشوناس هەستێکی کەسێنی یان کۆمەڵییە بەخود، دەرئەنجامی هۆشیارییە بەخود، بەوەی کە من یان ئێمە خاوەن سیفاتگەلێکی جیاوازین وەك شوناس واملێدەکات لەتۆ جیاوازبم و، لەوانی تری جیاواز بین"[xvi]. لێرەوە پرسی شوناسی کەسێنی وشوناسی کۆمەلایەتی دێتە ئاراوە. زۆربەی توێژەران کۆکن لەسەر ئەوەی کەهەستی شوناسی تاکەکەسی لەرێگەی دوالیزمی نێوان تاك وکۆمەڵگەوە پێکدێت. ئەوان کەم تازۆر ئەوە قبوڵدەکەن کەشوناس زۆرتر لەروانین وهەستی تاکەکاندا رەنگدەداتەوە، بەلام بەستێنی پێکهاتنی ئەو؛ ژیانی کۆمەلایەتییە. واتە شوناسی کەسێتی لەرێگەی قۆناغە جۆراوجۆرەکانی کۆمەلایەتیبوون وپرۆسیسە کۆمەلایەتییە دەروونییەکانەوە دروست دەبێت[xvii]. (سودی کینس)یش پێی وایە شوناس لەدوو توێ دوو مانادا بەکاهاتووە، مانایەك کە پەیوەستە بەگروپەوەو، مانایەکیش پەیوەستە بەتاکەوە، لەگەڵ لەبەرچاو گرتنی پەیوەندی وپشتبەیەکتری بەستن لەنێوانیاندا[xviii]. لەهەمان گۆشەنیگای پەیوەندییگەرایی نێوان شوناسی تاك وشوناسی کۆمەلایەتیەوە (رەشید عبدالله) دەڵێت:"شوناس کۆدیکە لەرێگەیەوە تاك لەپەیوەندیدا بەگروپە کۆمەلایەتییەکانەوە کەئینتیمای بۆیان هەیە خۆی دەناسێتەوە، هەر لەم رێگەیەشەوە ئەوانی تر دەناسێت، واتە شوناس کۆدێکە ماکە پێکهێنەرەکانی، بەدرێژایی مێژووی گروپەکە وکەلتورە داهێنەرکانی وشێوازی ژیانی، کۆدەبێتەوە"[xix]. (دنیس کۆش)یش پێی وایە شوناس هەمیشە بریتییە لەپەیوەندی بەئەوی ترەوە، واتە شوناس وئەوی تر پێکەوە بەستراون و، پەیوەندییەکی دیالێکتیکی کۆیان دەکاتەوە[xx]. ئەم بابەتی پەیوەندییگەرایەش سەردەکێشێت بۆ ئەوەی کەشوناس بە بەردەوامی لەناو ئاڵوگۆڕە (التبادلات) کۆمەلایەتییەکان دا بونیادو دوبارە بونیادبنرێتەوە. ئەم تێروانینە دینامیکییەش بۆ شوناس پێچەوانەی ئەوە بۆچونەیە کەپێی وایە شوناس سیفەتێکی بنەڕەتیەو پێشکەوتن بەخۆیەوە نابینێت[xxi]. کەواتە شوناس پێدراوێکی ئامادەو کۆتایی نییە بەقەدەر ئەوەی کە کارێکە هەمیشە دەبێت کامڵ بکرێت، ئەوەش کەشوناس رەنگ رێژدەکات گۆڕان وکارلێکردنی مرۆڤە لەگەڵ ئەوی تر نەك جێگری ونەگۆڕی[xxii].

مادام شوناس گوزارەیە لە هەموو ئەو تایبەتمەندی وسیمایانەی کە کەسێك یان گروپێك لەوانی دیکە جیادەکاتەوە، ئەوا بەسروشتی حاڵ کۆمەڵیك رەگەز یان پێکهاتەی هەیە کەفۆرمیکی جولاو وگۆڕاوی بۆ دروستدەکات بەجۆرێك کە لەباروددخێك یان قۆناغێکدا یەکێك لەم رەگەزانە دەردەکەوێت ولەبارودۆخ وقۆناغێکی دیکەدا رەگەزێکی دیکەی بەدەر دەکەوێت. کەواتە شوناس خاوەن تاك بونیاد یان پێکهاتە نییە؛ بەڵکو لەکۆمەڵیك رەگەز پێکدێت. (محمد عابد الجابری) ئەم رەگەزانە بەم شێوەیەی لای خوارەوە دیاری دەکات[xxiii]: 1- بواری جوگرافیاو نیشتیمان ومێژووی هاوبەش. 2- بوونی یادەوەرییەکی هاوبەش بۆ نەتەوە. 3- کلتورێکی میللی هاوبەش لەنێوان سەرجەم دەستەو تاقمەکانی کۆمەڵگادا. 4- رێکخستنێك بۆ ماف وئەرکەکان کۆمەڵگا دابرێژێت بۆ رێکخستنی پەیوەندی نێوان دەوڵەت وتاکەکان لەگەڵ یەکتریدا. (هانتگتۆن)[xxiv]یش سەرچاوەکانی شوناس دەگەڕێنێتەوە بۆ:

1- سیما (تایبەتمەندییە) کەسیەکان: وەك تەمەن، خزمایەتی (پەیوەندی خوێن)، پێشینە (الاسلاف)، ئیتنیکی (خزمایەتی دوور)، چێندەر (النوع)، رەچەڵەك.

2- سیما کلتورییەکان: وەك عەشیرەت، هۆز، زمان، رەگەزنامە (الجنسیة)، نەتەوە، شارستانی.

3- سیما تێریتۆرییەکان (الاقلیمیة): وەك دراوسێ، گوند، سێنتەر، شار، هەرێم، کانتۆن، وڵات، ناوچەی جوگرافی، کیشوەر.

4- سیما سیاسییەکان: وەك تایفەگەری، دەستە (الزمرە)، سەرکردە، گروپی بەرژەوەندی، بزوتنەوە، دۆز، پارت، ئایدیۆلۆژی، دەوڵەت.

5- سیما ئابوورییەکان: وەك وەزیفە، پیشە، گروپی کار، خاوەن کار (رب العمل)، پیشەسازی، کەرتی ئابووری، سەندیکاو چین.

6- سیما کۆمەلایەتیەکان: وەك هاورێ، تیمەکان، هاورێکان، پێگەی کۆمەلایەتی.

هەر سەبارەت بەرەگەزەکانی شوناس (ئەلیکس میکشیللی) پۆلێنێکی چوار گروپی بۆ دەکات ئەوانیش بریتین لە[xxv]: 1- ماکە (عنصر) مادی وفیزیاییەکان: وەك تونا ئابووری وئاوەزییەکان. ئەو شتانەی لەبەردەستن، هەروەها رێکخستنە مادییەکان. 2- ماکە مێژووییەکان: وەك رووداوە مێژوویە گرنگەکان، بنەچە مێژووییەکان، لێکەوتە (الاثار) مێژووییەکان. 3- ماکە کلتورییە

سایکۆلۆجییەکان: وەك سیستەمی کەلتوری، ماکە ئاوەزییەکان، سیستەمی مەعریفی. 4- ماکە کلتورییە کۆمەڵایەتییەکان: وەك بنەما کۆمەڵایەتییەکان، بەها کۆمەڵایەتییەکان، ئەو توانایانەی تایبەتن بەداهاتووە.

کەواتە لەهەموو ئەوانەی سەرەوە دەردەکەوێت کەشوناس چەمکێکی فرە رەهەندو فرە مانایە، هەرچەندە قابیلی گۆڕان وئاڵشتکردنە، بەڵام ناوەڕۆکەکەی بەئاسانی دیاری ناکرێت لەگەڵ ئەمەشدا ناکرێت دەستبەرداری بیت، چونکە بەشێکە لەکەینونەی مرۆڤ وگوزارەشە لەسیما خودیی وبابەتییەکان.

وەك دەرئەنجامێك بۆ ئەو دیاریکردنانەی سەرەوە دەکرێت لەکۆتایدا پرسیاری ئەوە بکەین کەئایا ئاستەکان وجۆرەکانی شوناس چین؟ بۆ دیاری کردنی ئاستەکانی شوناس هەر یەکە لە (علی الدین هلال) و( ابراهیم الحیدری) سێ ئاستی سەرکی شوناس دیاری دەکەن ئەوانیش[xxvi]: 1- شوناسی تاکێتی (الفردیة): واتە هەستی ئینتیمای تاك بۆ گروپێك یان چوارچێوەیەکی مرۆیی گەورەتر کە لەمەنزومەیەك بەهاو هەست وئاراستەی بیرکردنەوەی بەشدار دەبێت تیایدا، شوناسیش بەم مانایە بریتیە لەحەقیقەتێکی تاکی دەروونی کەپەیوەستە بەکلتوری باو (السائد) وپرۆسەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی هەیە. 2- ئاستی کۆمەڵی: شوناس لەم ئاستەدا لەشێوەی ڕێکخستنەکان وپارتەکان ودەستە میللییەکاندا بەرجەستە دەبێت کەسروشتێکی خۆبەخشی وئازادی هەڵبژاردنیان هەیە (اختیاری). ئەمە سەرباری شوناسی نیشتمانی کە لەپێشەوەی هەموو شوناسەکانەوە دێت، هەروەها شوناسی ئاینیش دەگرێتەوە. 3- ئاستی دامەزراوەیی وياسایی: واتە ئەوەی پێی دەوترێت بەدامەزراوەیی کردنی شوناس، بەمانایەکی دیکە واتە ملکەچ کردن بۆ دامەزراوەو بونیادو فۆرمە یاساییەکان لەسەر دەستی حکومەتەکان. هەڵبەتە بەدامەزراوەیی کردن شوناس بۆ خۆی کێشەی گەورەی ناو دەوڵەتان بووە، هەروڵاتێکیش میکانیزم ورێگەی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ ئەو کارە.

بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی توێژەران کۆکن لەسەر ئەوەی کە شوناس بۆ دوو کاتیگۆری سەرەکی دابەش دەبێت ئەوانیش: شوناسی کەسێتی وشوناسی کۆمەڵایەتییە یان کۆمەڵی. هەرچی پەیوەندی بەشوناسی کەسێتییەوە هەیە ئەوا (ئێریك ئێریکسۆن) لەبیرمەندە پێشەنگە فرۆییدیە نوێیەکانە کە گرنگیەکی تایبەت بەشوناسی خودێتی داوەو پێشی خستووە. بەتەنیشت ئەمیشەوە کۆمەڵێك دیکەی زۆری پسپۆری بواری سایکۆلۆژیای گەشەپێدان بایەخی تەواویان بەپێکهاتی شوناس داوە. زۆربەی ئەم پسپۆرانە لەرووی هەست کردن بەخودەوە توێژینەوەکانیان لەسەر بیرۆکەی شوناس چڕکردەوەتەوە[xxvii]. هەڵبەتە کۆنسێپتی (خود) یەکێکە لەدیارترین بوارەکانی توێژینەوە بەراوردکارییەکان، بەجۆرێك لەدیدگای سایکۆلۆژی وسۆسیۆلۆژییەوە کاری لەسەر کراوەو ئەمەش وایلێکردوە ببێتە گۆڕاوێکی سەرەکی ناو دونیای تیۆریزەکردنەکان وتوێژینەوە جۆربەجۆرەکان. چەمکی (خود) بۆ تیۆری (کارلێکە سیمبولییەکان) کراوەتە بەردی بناغە. ئەم دیدگایەش یەکێکە لەچوار دیدگا سۆسیۆلۆژییە مۆدێرنە سەرکییەکان و، لەسەر سێ گریمانەی سەرکی دەوەستێت ئەوانیش: 1- مرۆڤ دەربارەی شتەکان لەسەر بنەمای چیەتی (مانا) ئەو شتانە بۆیان؛ هەڵس وکەوت دەکەن. 2- چیەتی ئەو شتانەش بەرهەمی کارلێکی کۆمەڵایەتییە لەناو کۆمەڵگەی مرۆیدا. 3- ئەم چیەتیانەش یان ئەم مانایانەش لەرێگەی پرۆسەی دووبارە ماناسازییەوە (لێکدانەوە) دەسوڕێنەوەو هەموار دەکرێن کە تاك لەمامەڵکردنیدا بەرامبەر ئەو ئاماژانەی رووبەڕووی دەبنەوە؛ بەکاریان دێنێت[xxviii]. لەسەر ئاستی کەسێتی؛ شوناس وەها پێناسە دەکرێت کە هەموو:"ئەوانەیە کەخود دیاریدەکەن ولەوانی تر جیایان دەکاتەوە"[xxix]. یان وەك زانای سایکۆسیۆلۆژ (پییر تاپ Pierre Tap) دەڵێت شوناس بریتییە: "لەو هەستەی کە وا لەتاك دەکات هەست بەوە بکات کە ئەوە، ئەم (ئەوە)ش بەدرێژای زەمەن دەمێنێتەوە. بەمانایەکی فراوانتر شوناس بریتییە لەرێزگەلێك لەهەستەکان ولێکچونەکان کەتاك لەرێگەیەوە دەتوانێت هەست بەجیاوازی خۆی بکات. یان وەك (ئەمین مەعلوف دەڵێت): "شوناسی من واتە من لەهیچ کەسێکی دیکە ناچم"[xxx]. بەم مانایە شوناسی من ئەوەیە کەواملێدەکات لەخۆم بچم ولەوانی تر جیاوازبم"[xxxi]. بەڵام وەك تیۆری بونیادگەری شوناس بۆی دەچێت، شوناس هەمیشە بەرهەمی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانە، ئەمەش پێویستییەکی مەعرفیە بۆ مرۆڤ تاوەکو درێژە بەژیانی خۆی بدات. کەواتە کاتیگۆری یەکەم واتە شوناس کەسێتی شوناسێکی دابڕاو نییە لەشوناسی کۆمەڵایەتی. واتە شوناس سروشتێکی پەیوەندیگەرایی هەیە (العلائقیة). زۆرێك لەتوێژەران لەسەر ئەم باوەڕەن لەوانە (تید هویف[xxxii]، روز مکدیرمت[xxxiii]، لورا ادامز[xxxiv]، راوی عبدالعال[xxxv]، دینیس کوش[xxxvi]. ئەمەش واتە لەبنەڕەتدا شوناس لەچوارچێوەی پەیوەندیدا بەئەوای ترەوە پێناسە دەکرێت. لەهەمان گۆشەنیگاوە (ریچاد جینگیز) پێداگری لەسەر ئەوەدەکات کە ئەگەر هەموو تاکێك خاوەن شوناسی تایبەت بەخۆی بێت، ئەوا ئەو شوناسانە

سروشتی خۆیان لەڕێگەی ئینتیماوە بۆ گروپە کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرن[xxxvii]. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین مرۆڤ هەرچەندە لەپلەیەکی بەرزی کەسێتی خودیدا بێت وهەرچەندە بگاتە ئاستێکی بەرزی پێشکەوتنی کلتوری وشارستانی ئەوە بۆ دابینکردنی پێویستییە کۆمەڵایەتییەکانی هەمیشە دەبێت لە ژێر سایەی گروپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا بێت. کەواتە شوناسی کۆمەڵایەتی لایەنگەلێکی کۆنسێپتی خود دەگرێتەوە کەپەیوەستە بە نەژاد وباکگراوندی ئاینی وئەتنیکی وهەستکردن بەئینتیمابوون بۆ کۆمەڵگا[xxxviii]. یان وەك(هینری تاجفیل) دەڵێت شوناس :"بەشێکە لەچەمکی خودی تاك (self- concert) لەهۆشیاری خۆیەوە یان لەوەی کەئەندامە لەگروپێك یان چەند گروپێك سەرچاوە دەگرێت، ئەمە لەپاڵ ئەو ئیعتباراتە بەهایی وهەڵچوونانەی کەدەخرێتە تەنیشت ئەو ئەندامبوونەوە"[xxxix]. هەروەها (ریچار جینکیز)یش پێی وایە شوناسی کۆمەڵایەتی بریتییە لەدونیابینی خۆمان لەوەی ئێمە کێین وئەوانی تر کێن؟ هەروەها دونیابینی ئەوانی دیکە دەربارەی خۆیان و ئەوانی تر[xl].

کەواتە دەتوانین بڵێین شوناس خاوەن بونیادێکی فرە رەهەندە، گرنگی شوناسێکیش مانای سڕینەوەی شوناسەکانی دیکە ناگەیەنێت؛ بەڵام لەگەڵ ئەمەدا خوازراوە کەتاك بەشێوەیەکی شاراوە یان ئاشکرا، لەکۆنتێکستێکی دیاریکراودا، بڕیاری هەڵبژاردن وپێشەنگبوونی گرنگی رێژەیی شوناسەکانی بدات[xli].

ئەوەی لێرەدا گرنگە جەختی لەسەر بکەینەوە شوناسە کۆمەڵایەتییەکانە. هەڵبەتە لەچوارچێوەی دەوڵەتدا فرە چەشنیدا؛ شوناسە کۆمەڵایەتییەکان دیاردەیەکی باو وسروشتییە بەوەی کە کەم وڵات هەیە خاوەن ئەم فرەییە نەبێت، کەواتە وڵاتان لەم رووەوە جیاواز نین؛ بەڵکو لەرووی چۆنێتی مامەڵەکردنەوە لەگەڵ ئەم هەمە چەشنیانە جیاوازیان هەیە. واتە دەستەبژێری سیاسی وفەرمانڕەوا چۆن وبەچی میکانیزمێك مامەڵە لەگەڵ ئەم فرە چەشنیانە دەکەن؟ ئەمە پرسیارێکی جەوهەریە کە لەتەوەری داهاتوودا باسی لێوەدەکەین لەعێراقدا. شوناسە کۆمەڵایەتییەکان زۆرن؛ بەڵام ئێمە لێرەدا ناچینە ناو وردو درشتی ئەو شوناسانەوە، ئەوەندە بەسە لەپاڵ بوونی شوناسەکانی (ئیتنیکی، ئاینی، نەتەوەیی، کلتوری، چین) باسی شوناسی نیشتیمانی بەشێوەیەکی خێرا بکەین، چونکە ئەمە لەدووتوێی دێڕەکانی دوایی ئەم توێژینەوەدا کەڵکی بۆمان دەبێت. شوناسی نیشتیمانی گشتگیر قۆناغێکی مێژوویی وهۆشیاریەکی پێشکەوتووەو دەکەوێتە سەرووی شوناسە لۆکاڵیە بەرتەسکەکانەوە. واتە هۆشیاریەکە پەیوەستە بەبوون ودروستبوونی دەوڵەتەوە ئەمە لەلایەك، هەروەها پەیوەستگیەکی (رباط) سەرەکیشە بۆ یەکخستن وکۆکردنەوەی خەڵکی ودواتر کردنیان بە گەڵ[xlii]. واتە شوناسی نیشتیمانی هەستکردنە بەئامێزانبوون ولایەندارێتی (الولاء) بۆ نیشتیمانێك[xliii]. هەندێکی دیکە پێیان وایە شوناسی نیشتیمانی پەیوەستە بە بیرۆکەی هاوڵاتیبوونەوە، واتە پتەوکردنی هەست وخۆشەویستی لای تاکەکانی ناو کۆمەڵگا بۆ ئینتیماو لایەندارێتی راستەقینە بۆ وڵات و پاراستنی لەهەمان کاتدا[xliv]. (لورا لوکتیز)یش لای خۆیەوە پێناسەیەکی گشتگیرو فرە لایەن بۆ شوناسی نیشتیمانی دەخاتە روو وپێی وایە ئەم شوناسە هزرێکە کەرەنگدانەوە ودیاریکردنی سیماکانی گەل یان نەتەوەیەکە. هەروەها بەرهەمی تایبەتمەندییەکانی کلتوری کۆمەڵییە کە نەتەوە پڕ دەکات لەهەستگەلێکی دیاریکراو؛ ئەو بنەمایە دادەنێت کەژیانی سیاسی سەقامگیر لەناوخۆی وڵاتدا فەراهەمدەکات. ئەمە لەپاڵ ئەوەی کەشوناسی نیشتیمایی مانای یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی ویەکێتی سیاسی دەگەیەنێت. بەمانایەکی دیکە شوناسی نیشتیمانی یانی تێپەڕاندنی هەموو لایەندارێتیەکانی دیکە بەبێ ئەوەی ئەمە مانای سڕینەوەیان بگەیەنێت[xlv]. لەسەر ئەم بنەمایە دەکرێت بگوترێت کەشوناسی نیشتیمانی لەسەر سێ کۆڵەکەی سەرەکی دەوەستێت ئەوانیش[xlvi]: 1- ئینتیما: واتە هەستکردن بەئینتیما بۆ نیشتیمان کە شکۆیان بپارێزێت وجۆرێك لەئاسایشی دەروونیان بۆ فەراهەم بکات. هەرکاتێکیش ئەمە دەستەبەر بوو ئەو کۆڵەکەی دووەم بەدیدێت ئەویش لایەندارێتیە. 2- لایەندارێتی: بۆ فۆرمەلەبوونی شوناسی نیشتیمانی بەتەنها ئینیتما بەس نییە، بەڵکو دەبێت ئەم ئینتیمایە پەیوەست بێت بەلایەندارێتیەوە، چونکە زۆرێك لەتاکەکان ناسنامەی نیشتیمانیان هەیە، بەڵام لایەندارێتیان بۆ نیشتیمان نییە. لەهەمان کاتیشدا دەبێت لایەندارێتی بۆ نیشتیمان بکەوێتە سەرووی هەموو لایەندارێتییەکانی دیکەوە. ئەم دوو کۆڵکەیەش دەبێت لەسەر کۆڵکەی سێیەم جێپێیان قایم کەن ئەویش هاوڵاتیبوونە. 3- هاوڵاتیبوون: پەیوەندی هاوڵاتیبون بەشوناسی نیشتیمانیەوە لەوەدا بەرجەستە دەبێت کەئەوەی یەکەمیان بەوپێیەی پێوەرێکی جەوهەری وپرنسیپێکی یاساییە هەوڵی بەدیهێنانی یەکسانی دەدات لەئەرك ومافدا بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا ئەوانەی کەهەڵگری ناسنامەی نیشتیمانین؛ بەڵام چەمکی هاوڵاتیبون تەنها ئەو هاوڵاتیان ناگرێتەوە کەهەڵگری ناسنامەی ئەم وڵات یان ئەون، هەروەها ئەو کۆمەڵە سیما کلتوری

وکۆمەڵایەتییە نییە کەتاکەکانی کۆمەڵگا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەڵکو لەسەرووی هەموو ئەمانەوەیە، واتە یەکسانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگایە لەماف وئەرکەکان، یەکسانی لەخێرو بەرژەوەندییەکان وسامانی نیشتیمانی، سەرباری بەشداری سیاسی چالاکانە کە مافێکی گشتییە بۆ هەموو تاکەکان. کەواتە شوناسی نیشتیمانی شوناسێکی گشتگیرە لەناوخۆی وڵاتێکدا، دەکەوێتە سەرووی هەموو شوناسە لۆکاڵییەکانی دیکەوە بەبێ ئەوەی ئەو شوناسە لۆکاڵیانە بسڕێتەوە؛ یان هەوڵی سڕینەوەیان بدات. لەهەمان کاتیشدا چەمکێکە لەسەر ڕەهەندی یەکسانی ودادپەروەری کۆمەڵایەتی ودابەشکردنی دادپەروەرانەی سامانی گشتی ونەتەوەیی دەوەستێت لەنێوان تاکەکاندا بەبێ جیاوازی کردن.

بەچاوپیاخشاندنێکی خێرا بەمێژووی نوێی عێراقدا ئەو ڕاستیەمان دەستدەکەوێت کە لەهیچ کام لەقۆناغەکانی ئەم مێژووەدا ئەو شوناس نیشتیمانییە گەڵاڵە نەبووە کەبکەوێتە سەرووی هەموو شوناسەکانی دیکەوەو، چەمکی هاوڵاتیبوون لەناو ئەم دەوڵەتدا کاری پێبکرێت وفرە چەشنیەکانی کۆمەڵگای عێراق لەخۆیدا کۆبکاتەوە بەبێ هەوڵی سڕینەوەو پاکتاوکردنی نەژادی ونەتەوەیی وئاینزایی. کەواتە ئەگەر ئەم شوناسە تاساڵی (2003) بەشێوە مۆدێرنەکەی دروستنەبووە، ئەی هۆکارەکانی پشت چۆکدادان وشکستەکەی دوای ئەو بەراورە چین؟ بۆچی شوناسە لۆکاڵییەکانی زیاتر برەویان سەندووە؟ ئەمانەش چۆن کاریگەری خۆیان لەسەر دووبارە بونیادنانەوەی عێراقی دوای ساڵی (2003) جێهێشتووە؟ تەوەری داهاتووی ئەم توێژینەوەیە ئەم پرسانە دەخاتە بەرباس وتاوتوێیان دەکات.

### تەوەری دووەم: فاکتەرەکانی قوڵبوونەوەی شوناسی لۆکاڵی وکاریگەریەکانی

ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە کە دەوڵەتی عێراق لەکۆمەڵێك نەتەوەو نەژادو ئاین وئاینزا وکلتوری جیاواز جیاواز پێکدێت، واتە دەوڵەتیکی فرە چەشن وفرە ڕەنگ وپڕ جیاوازە. واتە دەتوانین بڵێین دەوڵەتیکی پڕ لەشوناسی لۆکاڵیە (فرعية). لەپاڵ ئەم ڕاستیەدا سەرژمێریەکی ورد وباوەڕپێکراو لەبەردەستدا نییە بۆ زانینی ژمارەی پێکهاتەی ئەسنۆگرافی لەعێرقدا. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە هیچ سەرژمێریەك لەبەردەستدا نەبێت بۆ ئەوە مەبەستە. (حەنا بەتاتو) پێکهاتەی ئەسنۆگرافی دانیشتوانی عێراق لەساڵی (1947) بەم شێوەیە دیاری دەکات[xlvii]: (عەرەبی شیعە (51.4%)، عەرەبی سوننە (19.7%)، کوردی سونە(18.4%)، فارسە شیعەکان(1.2%)، تورکمانی شیعە(0.9%)، تورکمانی سوننە(1.1%)، کوردی فەیلی (شیعە) (0.6%)، مەسیحی (3.1%)، جوو (2.6%)، یەزیدی و شەبەك(0.8%)، سائیبە (0.2%). بەپێی سەرژمێری ساڵی (1957)یش پێکهاتەی ئەسنۆگرافی عێراق بەم شێوەیەی لێدێت: عەرەب ( 79.2%)، کورد (16.5%)، تورکمان (2،2%)، نەتەوەکانی دیکە نزیکەی (3%)[xlviii]. هەڵبەتە ژمارەیەکی دیکەی ئامار هەیە؛ بەڵام وەك وتمان بەهۆی بارودۆخی سیاسی وئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیستی عەرەبی لەعێراقدا ونەبوونی ئیرادەی جدی لەسەر ئاستی دەوڵەت ئەم ئامارانە ناتوانن ژمارەی ڕاستەقینەی پێکهاتەی ئەسنۆگرافیمان لەعێراقدا بۆ بخەنەڕوو. سەرباری ئەمە زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە نزیکەی (95%) دانیشتوانی عێراق موسڵمانن. لەناو ئەمانیشدا مەزهەبی شیعە زۆرینەی پێکدەهێنێت بەنزیکەی (60%-65%)، مەزهەبی سوننەش نزیکەی (30% - 35%)، گروپە ئاینیەکانی دیکەش وەك (یەزیدی، مەسیحی، کاکەی، جوو، سائبە) نزیکەی (5%) هەموو دانیشتوانی عێراق پێدەهێنن[xlix]. بڕوانە نەخشەی ژمارە (1). بێگومان ئەم پێکهاتە ئاینیانە تایبەت نین بەنەتەوەیەك، بەڵکو هەر نەتەوەیەك لەناو عێراقدا زۆربەی ئەم ئاین ومەزهەبانەی تێدایە. بەتێڕامانێك لەو ئامارانەی سەرەوە بۆمان ڕوندەبێتەوە کە کۆمەڵگای عێراق، کۆمەڵگەیەکی یەکجۆرو یەك چەشن نییە؛ بەڵکو پێکهاتێکە لەنەتەوەو ئاین ومەزهەب وکلتوری جیاواز جیاواز.




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشتبەستن بە:1- ليام اندرسن وغاريث ستانسفيلد، عراق المستقبل: ديكتاتورية-ديمقراطية أم تقسيم؟ ترجمة: رمزي ق.بدر، شركة دار الوراق للنشر، لندن، 2005، ص 27؛ شيركو كرمانج، الهوية والامة في العراق، ترجمة: عوف عبدالرحمن عبدالله، دار الساقي بالاشتراك مع دار آراس للطباعة والنشر، أربيل، 2015، ص ص 22-23؛ كردستان سالم سعيد، اثر التعددية الاثنية على الوحدة الوطنية في العراق، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، 2008، ص ص 195-180.

لێرەوە هەوڵدەدەین ئەم تەوەرە دابەشبکەین بۆ:

**یەکەم: فاکتەرکانی قۆڵبوونەوەی شوناسەکان لەعێراق**

پێش باسکردنی فاکتەرەکانی قۆڵبونەوەی شوناسە لۆکاڵییەکان لەعێراقدا، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە زۆربەی هەر زۆری توێژەرانی بواری پرسی شوناس لەعێراقدا لەسەر ئەوە کۆکن کە لەکاتی ئێستا شوناسی نیشتیمانی راستەقینە بوونی نییە ئەمە لەلایەك و، پرسی ئەوەش کە لەرابردوودا هەبووە یان نا ئەوا ئیمە خۆمان لەو لێکدانەوە مێژووییە دەپارێزین ونامەنەوێت تاوتوێی بکەن لەلایەکی دیکەوە. بەڵام دەکرێت پێداگری لەسەر ئەوە بکەین کەدەوڵەت ودەسەڵاتدارییە سیاسییەکانی لەهەموو قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی نوێی عێراقدا، وەك لایەنێکی بەرپرس وسەرەکی لەخوڵقاندن ودروستکردنی شوناسی نیشتمانیدا شکستیان خواردووە. هەڵبەتە ئەمە لەگەڵ دەستگرتن بەو راستیەوە کە پرسی دروستکردنی شوناسی نیشتمانی بەتەنها پرسێك نییە پەیوەندی بەدەوڵەتەوە هەبووبێت؛ بەڵکو رۆڵ وئیرادەی خەڵکیش رۆڵی گرنگیان لەم پرۆسەیەدا هەیە. هاوکات لەگەڵ ئەو بۆچونەی سەرەوەدا، لەبەرامبەردا دیاردەی قوڵبونەوەی شوناسەکانمان هەیە لەعێراقدا دوای روخانی رژێمی پێشووی عێراق لەساڵی (2003).

دیارە فاکتەرەکان زۆر وهەمەجۆرن، بەشێوەیەکی گشتی لێرەدا چەختدەکینەوە سەر گرنگترینیان لەوانە:

**1- فرەیی وهەمەچەشنی (الفسيفساء) پێکهاتەی دانیشتوانی عێراق**

وەك لەسەرەتای ئەم تەوەرەدا رونمانکردەوە، کۆمەڵگای عێراقی کۆمەڵگایەکی فرە چەشنە لەنەتەوەو ئاین ومەزهەب وئایتزایی جیاواز جیاوازە. لەگەڵ ئەمەشدا دابەشبوونی جوگرافیش بۆ ئەم پێکهاتانە فاکتەرێکی دیکەیە بۆ قوڵبوونەوەی شوناسی لۆکاڵی.

بەجۆرێك كە دەبینین لەرووی نەتەوەییەوە كورد بەزۆرینەی رەها لەپارێزگاكانی هەرێمی كوردستان (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، كەركوك) هەن؛ وهەروەها بەرێژەیی جیاوازیش لەپارێزگای موسڵ ودیالە. نەتەوەی عەرەبیش بەزۆرینەی رەها لەپارێزگاكانی دیكە هەیە، ئەمە لەپاڵ نەتەوەی توركمان كە لەكەركوك وتەلعەفەرو هەندێك جیگەی دیكە بوونیان هەیە. لەرووی مەزهەبیشەوە، مەزهەبی شیعە كەمەزهەبی زۆرینەی نەتەوەی عەرەبە لەعێراقدا چڕی كۆبوونەوەیان لەپارێزگاكانی باشورو بەغدای پایتەختە. هەرچی مەزهەبی سوننەیە بەزۆری لەپارێزگاكانی ناوەڕاستی عێراق وباكوری رۆژئاوا گردبونەتەوە. هەردوو پارێزگای (ئەنبارو سەلاحەدین) بەزۆرینەی رەها سونەن، ئەمە وێرای ئەوەی كە لەپارێزگاكانی موسڵ وكەركوك وبەغدا ودیالە هێزێكی ژمارەیی زۆرن. هەڵبەتە كوردیش وەك نەتەوە زیاتر سوننە مەزهەبە. هەر یەكێكیش لەم پێكهاتانە خاوەن یادورەیی (ذاكرة) ومێژوو ودابونەریت وكلتور ورەهەندی شارستانی تایبەت بەخۆیانن. كەواتە فرەچەشنی ئەم كۆمەڵگایە لەلایەك و، دابەشبوونی جوگرافیش لەلایەكی دیكەوەو نەبوونی یەك باكگراوندی شارستانی ومێژوویی وكلتوری فاكتەرگەلێكی سەرەكین لەپشت دروستنەبوونی شوناسێكی نیشتمانی لەعێراقدا.

بەدرێژایی مێژووی سیاسی رژێمە یەك لەدوای یەكەكانی عێراق ودەسەڵاتدارێتییە سیاسییەكانی ناوی؛ بەشێوەیەكی دروست مامەڵەیان لەگەڵ ئەم فرە چەشنیەدا نەكردووە. بەڵكو هەمیشە هەوڵیانداوە تاك شوناسی نەتەوەیی عەرەب، ولەناو ئەم شوناسەشدا هەوڵیان داوە مەزهەبی سوننە بكەنە شوناسی دەوڵەتی عێراقی. بەتەماشاكردنێكی ئەزمونی ئەو وڵاتانەی كەخاوەن كۆمەڵگای فرەیی وهەمەچەشنن بۆ دروستكردنی شوناسێكی گشتگیری نیشتیمانی پەنایان بۆ سێ ستراتیژی سەركی بردووە ئەوانیش[l]: ستراتیژی ئامیزانبوونی بەزۆر یان تواندنەوەو لەناو بردن. ستراتیژی كۆنترۆڵكردن، ستراتیژی دانپێدانان. لە ستراتیژی یەكەمدا دەوڵەت هەوڵدەدات لەرێگەی بەكارهێنانی زەبرو زەنگەوە هەموو فرە چەشنییەكانی ناو كۆمەڵگا لەناو ببات وتاك شوناسێكی نەتەوەیی دروستبكات. سەردەمی دەسەڵاتدارێتی بەعس لە نمونەی ئەم چەشنە ستراتیژەیە لەمامەڵەكردنیدا لەبەرامبەر نەتەوەو مەزهەبەكانی ناو عێراق بەتایبەت بەرامبەر بەكورد لەرێگەی گرتنە بەری سیاسەتی بەعەرەبكردن وكۆچپێكردنی بەزۆر ونیشتەجێكردنی نەتەوەی عەرەب لەشوێنی نیشتەجێبوونی نەتەوەكانی دیكە[li]. بۆ نمونە لەماوەی نێوان سالآنی (1957 بۆ 1977) واتە لەماوەی بیست ساڵدا رێژەی دانیشتوانی عەرەب بەرێژەی (29%) لەپارێزگای موسڵ و، (16%) لەپارێزگای كەركوك و، (8%) لەپارێزگای دیالە زیادی كردوە. لەبەرامبەردا دانیشتوانی كورد بەرێژەی (18%) لەموسڵ و، (11%) لەكەركوك و، (8%) لەدیالە كەمیكردوە. هەڵبەتە ئەم رێژەیە لەدوایی ساڵی (1977)هوە بەشێوەیەكی بەرچاو زیادی كردووە. بڕوانە خشتەی ژمارە (1).

خشتەی ژمارە (1): پێكهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی عێراق (1957-1977)

| نەتەوەكان | پارێزگای موسڵ | | پارێزگای كەركوك | | پارێزگای دیالە | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | 1957[lii] | 1977[liii] | 1957[liv] | 1977[lv] | 1957[lvi] | 1977[lvii] |
| عەرەب | 56,1 | 85 | 28,2 | 44,4 | 79,3 | 87,5 |
| كورد | 30,7 | 13 | 48,3 | 37,5 | 18,2 | 10,7 |
| توركان | 4,8 | 0,90 | 21,4 | 16,3 | 2,2 | 1,4 |
| ئەوانی دیكە | 8,4 | 0,62 | 2,1 | 1,7 | 0,3 | 0,4 |
| كۆی گشتی | 100% | 100% | 100% | 100% | 100% | 100% |

لوتكەی ئەم توندوتیژیە لەتاوانی ئەنفال وكیمیابارانكردنی هەڵبجەو خاپوركردنی لادێ وژێرخانی ئابووری كوردستاندا هاتەدی. هەرچی تایبەتە بەستراتیژی دووەم ئەوا تیایدا نەتەوەی سەردەست هەموو كایە گرنگ ومەركەزییەكانی دەسەڵات بۆ خۆی مۆنۆپۆڵ دەكات، واتە دەوڵەت نەحاشا لەجیاوازییە كلتورییەكان دەكات ونەبەشێوەیەكی جدیش كار بۆ سڕینەوەو لەناوبردنیان دەكات. سیاسەتی دەوڵەتی عێراق لەسەردەمی پادشایەتیدا نمونەی ئەم جۆرە سیاسەتی كۆنترۆڵ كردن ودیسپیلینەیە. ئەوەی تایبەتیشە بەستراتیژی سێیەم ئەوا بەعەقڵانیترین فۆرمی پێكەوەهەڵكردن ودۆزینەوەی تەبایی دادەنرێت. واتە حاشانەكردن لەجیاوازییەكانی

نێوان زۆرینەو کەمینەو داننان بەو جوداییە کەلتوری وزمانی وئاینیانەی کەتایبەتمەندێتی هەریەك لەگروپە کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشان دەکات[lviii].

لەداوی ساڵی (2003) لەبەرئەوەی سیستەمی سیاسی گۆڕاو پایەکانی دەوڵەتی عێراق هەڵوەشایەوە، جۆرێك لەجۆرەکانی کرانەوە بەرووی ئەم فرەچەشنیەی کۆمەڵگای عێراقیدا کرایەوە، لەناو دەستوری هەمیشەی عێراقیشدا داننان بەفرەیی وڕێزگرتن لەجیاوازییە نەتەوەیی وزمانی وئاینی وئاینزاییەکان وەك مادەیەکی یاسای چەسپێنراوە[lix]، بەڵام لەرووی پراکتیکیەوە نەك ئەمە نەسەلمێنرا؛ بەڵکو لەماوەی نێوان ساڵی (2006-2007) شەرێکی تایفەگەری خوێناوی هەڵگیرسا، بەجۆریك کە کوشتن لەسەر شوناس بوو بەدیاردەیەکی رۆژانە لەعێراقدا. ئەمە سەرباری سەرهەڵدانی دەیان ریکخراو وگروپ ومیلیشیای مەزهەبی. لوتکەی ئەم یەکتری سڕینەوەو قبوڵنەکردنی یەکدی وهەوڵدان بۆ سەپاندنی تاك شوناسێکی مەزهەبی–نەتەوەیی لەسەرهەڵدانی رێکخراوی تیرۆریستی ئیسلامی (داعش) بەرجەستەبوو. هەڵبەتە لەگەڵ دووپاتکردنەوەی ئەوەی کە ئەم توندوتیژیانە دەرئەنجامی راستەوخۆی فرەچەشنییەکانی ناو عێراق نییە، بەڵکوتەنها وەك هۆکارێك باسی لێوەکراوە لێرەدا.

لەم روانینەوە تێبینی ئەوە دەکرێت کە ئەم پرسی فرە چەشنییە لەعێراقدا فاکتەرێکی سەرەکی پشت گەلاڵە نەبوونی شوناسێکی نیشتیمانیە. بوونی ئاراستەو روانین وبیرکردنەوەی نەتەوەیی وئاینی وئاینزایی جیاواز لای عەرب، کورد، تورکمان، شیعە، سوننە راستەوخۆ پێچەوانەی شوناس ویەکێتی نیشتیمانیە. بۆیە تاکی عێراق لەئەمڕۆدا زیاتر ئینیتماو لایەنداریتی بۆ شوناسە لۆکاڵیەکانی خۆی زیاتر هەیە لەوەی بۆ شوناسێکی نیشتیمانی باڵا هەیبێت[lx]. دیارە کە بەشیکی زۆری ئەم قەیرانی شوناسە لای هاوڵاتی عێراق پەیوەستە بەگوتاری حزبە سیاسییەکانیشەوە بەتێکڕا بێ جیاوازی[lxi] لەداوی ساڵی (2003) بەهۆی سەرهەڵدانی توندوتیژی وناسەقامگیری؛ کوشتن لەسەر شوناس زیاتر پەلی هاوێشت بۆ ناو پێکهاتەکانی عێراق، چونکە دەوڵەت وەك دامەزراوەیەکی سەروەر وپارێزەری ئەمن وئاسایشی هاوڵاتیان ئەرکی خۆی لەدەستدا. هەوڵەکانی دووبارە بونیادنانەوەی ئەم دەوڵەتەش هەر لەسەرتاوە بەگرفتی قوڵ دەستپێکرد ودواجاریش تائەم ساتە وەختە دەوڵەتێکی فشەڵ بوونی هەیە لەسەر ئاستی هەموو کایە جیاوازەکان.

## 2- رووخانی رژێمی پێشوو لەسەر دەستی ئەمریکا وهاوپەیمانەکانی

زۆرێك لەتوێژەران قوڵبوونەوەی شوناسە لۆکاڵیەکان وپەنابردن بۆیان راستەوخۆ دەبەستنەوە بە پرۆسەی ئازادکردنی عێراقەوە لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانییەکانیەوە. لەم بارەیەوە (رەشید عەمارە) پێی وایە داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە خراپترین کاریگەری هەبووە لەسەر یەکێتی شوناسی عێراق، تەنانەت لەو کاتەش خراپترە کەبەریتانیا عێراق داگیرکردبوو لەسەرتای دروستبوونیەوە. هەروەها پێشی وایە کەیەکەمین هەنگاوی ئەمریکا بۆ ئەم مەبەستە دابەشکاری ئاینزایی ونەتەوەیی بوو بۆ پۆستەکانی حکومەتی عێراق ئەمەش لەجیاتی دروستکردنی شوناسی نیشتیمانی؛ پەتەوکردنی کۆنسێپت وئینیتمائاتە لاوەکیەکان بوو لەعێراقدا[lxii]. توێژەرێکی دیکە لەسەر هەمان بۆچوون دەڕوات وپێداگری ئەوە دەکات کە لەدوای (9 نیسانی 2003) عێراق رووبەڕووی داگیرکاری دەرەکی بویەوەو شوناسی یەکێتی نیشتمانی کەوتە بەردەم هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەوە لەژێر ناونیشانی شوناسی لۆکاڵی نەتەوەیی، ئاینی، تایفەگەری[lxiii]. لەلایەکی دیکەوە نوسەرێکی دیکە لەگۆشەنیگای هیزە سیاسییەکانەوە ئەم پرسە لێکدەداتەوەو پێی وایە ئەمریکا بەرپرسیاری یەکەم بووە لەکۆسپ خستنە بەردەم دیالۆگ وهەوڵەکانی نێوان هێزە سیاسییە عێراقییە جیاوازەکان لەسەر هەر سێ ئاستی (دیالۆگی هیزە سیاسییەکان لەگەڵ خودی خۆیان، دیالۆگی نیوان هێزە سیاسییەکان، دیالۆگی نێوان هێزە سیاسییەکان وکۆمەڵگا یان ئەوەی پێی دەوترێت دیالۆگی نیشتیمانی)[lxiv]. بێگومان ئاراستەی دیکەی هاوشێوەی ئەم بۆچونانە زۆرن؛ بەڵام لێرەدا بەپێویستی نازانین ناوی هەمووی بێنین. دیارە کە ئەو بۆچوونانەی سەرەوە بەشێك لەراستیان تێدایە، بەڵام ئەوەی پشتگوێیان خستووە ئەوەیە یەکێتی شوناسی عێراقیبوون وەك ئینیتما ولایەنداریتی وهاوڵاتیبوونی راستەقینە پێش (2003) یش بوونێکی راستەقینەی نەبووە تاوەکو لە دوای ئەم بەروارەوە هەڵبوەشێتەوە. وەك (ئاراس فەتاح) دەڵێت:" کۆمەڵگای دوای جەنگی عێراق، هەر هەمان ئیشکالیەت وهەمان دوو ئەجیندا وهەمان دوو ئاراستەو دوو تەوژم دوا رۆژی سیاسی دیاری دەکەن"[lxv]. مەبەستی (ئاراس فەتاح)یش لە ئەو دوو ئەجێندایە یان دوو گوتارە، گوتاری دەوڵەتیکی نەتەوەیی تایبەت کە لەنیشتیمانپەروەرێتی عێراقیدا بەرجەستە دەبێت وخوازیاری بونیادنانی شوناسێکی عێراقی بووە لەدەرەوەی گوتاری پان-

ناسیۆنالیستی عەرەبی. گوتاری دووەمیشیان ئەو گوتارەیە کەشوناسی عێراقیبون بەشوناسێکی هەرێمی ناکاملی عەرەبیبون دەبینێت، ئەوەی کەناسیۆنالیستەکان بەزمانی ئایدۆلۆژی پێیدەڵێن (العروبة). لێرەوە دەکرێت ئەو ئەنجامە بەدەستبخەین کەهاتنی ئەمریکا بۆ عێراق و روخانی رژێمە سیاسییەکەی؛ راستە فاکتەرێکی سەرەکی تەقینەوەی ململانێ سیاسی وتایفی ونەتەوەیی و ئیتنی وئاینییەکان بوو، بەڵام ئەمە تەنها هەل رەخساندنێك بوو بۆ ئەو شوناسانە کە بەشێوەیەکی زەقتر لەجاران ئەجینداو ستراتیژو پرۆژەی سیاسی خۆیان لەعێراقدا کامڵ بکەن. هەندێك توێژەری دیکە لەسەر ئەم بنەمایە ئەو بیرۆکەیە رەتدەکەنەوە بەتەواوەتی کەئەمریکاو جیهانی رۆژئاوا بەگشتی رێگە خۆشکەربووبێتن بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیمبولەکانی شوناسی نیشتیمانی و، هەر ئەوانیش وایانکردبێت کە دەستەواژەی (شیعی- سونی- کوردی- عەرەبی- تورکمانی ..هتد) لەدوای رزگارکردنی عێراقەوە سەریهەڵدابێت، بەڵکو تایفگەری بەگشتی لەکۆن وئێستای عێراقیشدا واقیعێك بووە کە کۆنترۆڵی دونیابینی وئاراستە سیاسی وکۆمەڵایەتی وهزرییەکانی کردووە، هەندێك جار لەبەرگی ئاینی وهەندێك جاری تر لەبەرگی ناسیۆنالیستی وهەندێك جاری دیش لەبەرگی کۆمەڵایەتیدا خۆی دەرخستووە[lxvi]. لەدوو توێی ئەم دوو تێروانینەوە ئەوە دەستدەخەین کەپەنابردن بۆ شوناسە لۆکاڵیەکان وقوڵبوونەوەیان لەسەر ئاستی پیادەکردنی سیاسی وکۆمەڵایەتی وئاینی وتەنانەت سەربازیش لەدوای (2003)هوە رەگ وریشەیەکی مێژوویی وکۆمەڵایەتی وسیاسی وئاینی هەیە لەناو یادەوەری کۆمەڵی هەموو پێکهاتەکانی عێراقدا. بەواتایەکی دیکە تەنها هاتنی ئەمریکا بۆ عێراق فاکتەری سەرەکی نییە؛ بەڵکو یەکێکە لەفاکتەرە یارمەتیدەرەکان.

**3- سروشتی پرۆسەی سیاسی لەدوای ساڵی (2003)**

یەکێك لەئیشکالیەتە گەورەکانی پرۆسەی سیاسی لەعێراق دوای پرۆسەی ئازادی؛ ئەوەیە کە سیستەمی سیاسی پێشوو لەسەر دەستی ئۆپۆزسیۆن وهێزە نەیارەکان وخودی کۆمەڵگەی عێراقیەوە نەڕوخا، بەڵکو لەرێگەی دەستێوەردانی دەرەکی وبەپرۆسەیەکی سەربازی کۆتایی هات. واتە گۆڕانی سیستەمی سیاسی لەعێراق لەرێگەی پرۆسەیەکی ناوخۆیی وکارەکتەرە ناوخۆییەکان؛ وبەشێوەیەکی ئاشتیانە نەگۆڕا، ئەمەش بۆ خۆی گرفتێکی گەورەبوو لەبەردەم دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەت. بەکەوتی ئەو رژێمە سیاسییە قۆناغیکی تەواو نوێ لەمێژووی عێراق لەسەر هەموو ئاستەکان دەستپێکرد. یەکەمین هەنگاویش دامەزراندنی (دەسەڵاتی هاوپەیمانی کاتی) بوو بەسەرۆکایەتی (پۆڵ برێمەر). لە (تەموزی 2003) بەبڕیاری برێمەر ئەنجومەنی فەرمانڕوایی کاتی عێراق لە(25) کەسایەتی سیاسی وئاینی دیاری ئۆپۆزسیۆنی پێشووی رژێمی بەعس پێکهات، بەجۆرێك (13) ئەندامی بۆ پێکهاتەی (شیعە) و(5) ئەندام بۆ سوننەو (5) ئەندام بۆ کوردو یەکی یەك ئەندامیش بۆ هەر یەکە لەمەسیحییەکان وتورکمانەکان[lxvii]. ئەم ئەنجومەنی کاتیە رووبەڕووی رەخنەی زۆر بوویەوە؛ لەوانە کەئەندامەکانی ئەم ئەنجومە لەرێگەی دامەزراندنەوە (التعيين) لەلایەن برێمەرەوە دانراون ورەچاوی سروشتی مەزهەبی وتایفی ونەتەوەیی کراوە[lxviii]. هەڵبەتە لەدامەزراندنی ئەم ئەنجومەنە لەبنەڕەتدا رەچاوی ئەو فرە چەشنییە کراوە کە کۆمەڵگای عێراقی لێپێکهاتووە، واتە ئامانج لێی ئەوەبوو باڵانسێك رابگیرێت لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکاندا تاوەکو بەگوێرەی قەبارەو سەنگی دیموگرافی وسیاسی وئاینی ونەتەوەیی خۆیان رۆڵیان لەدووبارە داڕشتنەوەی عێراقی نوێ هەبێت؛ بەڵام ئەم دامەزراندنە لەسەر ئەو بنەمایە رێگە خۆشکەربوو بۆ ئەوەی کۆمەڵگای عێراقی زیاتر بەسەر خۆیدا دابەشببێت ونەتوانن لەسەر شوناسێکی جیاواز وسەردەمیانە بۆ عێراق پێك بێن، هەرچەندە دەستوری هەمیشەیش دانرا، بەڵام نەتوانراوە ئەم ئیشکالیەتی شوناسە چارەسەر بکات[lxix]. رەچاوکردنی ئەم نوینەرایەتی نەتەوەیی وئاینی وئاینزاییە بەتەنها لەئەنجومەنی کاتیدا نەوەستا؛ بەڵکو لە لیژنەی نوسینەوەی دەستوری عێراقیشدا چەسپا. دواجاریش لەکابینە یەك لەدوای یەکەکانی حکومەتەکانی عێراقیدا رەنگیدایەوە بەجۆرێك سەرۆکی کۆمار بۆ کورد، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ عەرەبی شیعەو، سەرۆکی ئەنجومەنی نوینەران بۆ عەرەبی سوننە. پاشان لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوینەران لەساڵی (2005) و هەڵبژاردنەکانی دیکەش بەروونی ئەوە دەرکەوت کە هاوڵاتی عێراقی لەسەر بنەمای ئینتیمای نەتەوەیی ومەزهەبی وتایفی دەنگی بەنوینەرەکان وپارت وکیانە سیاسییەکان داوە نەك لەسەر بنەمای پرۆگرامی هەڵبژاردن وبنەمای زیاتر دیموکراسیبوون وئازادی ناو پارت وکیانە سیاسییەکان[lxx]. وەك دەرئەنجامێکی گەورەی ئەم گۆڕانکاریە سیاسییە گەورەیە لەسەر عێراق پیکهاتەی شیعە توانیان هەژموون وباڵادەستی خۆیان بەسەر تەواوی جومگە سەرەکییەکانی سیستەمی سیاسی نوێ عێراقدا بسەپێنن وکار بکەن بۆ دروستکردنی

شوناسێكی شیعی بۆ عێراق. لەماوەی ساڵانی (2006-2007) زەبرو زەنگی تایفی گەیشتە لوتكەو هەردوو تایفەی سوننەو شیعە لەسەر شوناس جەنگێكی خویناویان بەرپاكرد. كە لەئەنجامدا نزیكەی (15%) دانیشتیوانی عێراق ئاوارەی ناوخۆ ودەرەوە بوون[lxxi]. لەساڵی (2006) توندو تیژی تایفەگەری بەشێوەیەكی بەرچاو زیادی كرد؛ بەجۆرێك كە لەو ساڵەدا بەتەنها نزیكەی (29) هەزار (450) كەس كوژراون. لەساڵی (2007) رێژەكە رۆژانە گەیشتە (26) هەزارو (629)كوژراو[lxxii].

گرتنەبەرو پیادەكردنی سیاسەتی تایفەگەری ونەژادی وهەوڵدان بۆ سڕینەوەی بەرامبەر وچۆكپێدادان بەیەكتری لەسەر ئاستی دامەزراوە فەرمییەكانی وڵات وپارت ورێكخراو ومیلیشاكانەوە، قبوڵنەكردنی جیاوازی نێوانیان هۆكارێكی سەرەكی قوڵبوونەوەی شوناسە لۆكاڵیەكانبوو لەعێراقدا. كەمتوانایی دامەزراوەی حكومەت وئۆرگانە جیاجیاكانی لەدابینكردنی ئەمن وئاسایش؛ وپێشكەشنەكردنی خزمەتگوزاری و، لایەندارێتی زۆربەی پارتە سیاسی ورێكخراوەكان ومیلیشیاكان بۆ ئەجینداى وڵاتانی دراوسێ؛ لەپێش هەمویانەوە ئێران وسعودیە وتوركیا فاكتەری سەرەكی پشت گەڕانەوەی هاوڵاتی عێراقی بوو بۆ ناو گروپە كۆمەڵایەتی وئیتنی وئاینی وتایفی وعەشیرەت وهۆزەكانی خۆیان. كابینەكانی (نوری مالكی)[lxxiii] بەیەكێك لەخراپترین وێستگەكانی مێژووی تازەی عێراق دادەنرێت لەرووی بەرزبوونەوەی رێژەی توندوتیژی وبەدامەزراوە نەكردنی پایەكانی فەرمانڕەوایی ورێگریكردن لەدروستبوونی شوناسی نیشتیمانی.

بەهاتنی رێكخراوی تیرۆریستی (داعش) وداگیركردنی شارەكانی ئەنبار وسەلاحەدین وموسڵ؛ زەبرو زەنگ وكوشتن لەسەر شوناسی تایفی گەیشتە لوتكە، بەجۆرێك كەرێگەی خۆشكرد بۆ سەرهەڵدانی جەنگێكی تایفی ئەوتۆ كە لەتوانای هێزە سەربازی وئەمینەكانی عێراق دەرچوو كۆنترۆڵی بكات، ئەگەر هاوكاری راستەوخۆی هاوپەیمانانی شەڕی دژ بەداعش نەبوایە نەدەتوانرا ئەم رێكخراوە لەعێراق لاواز بكەن وتاڕادەیەك نەهێڵن.

بەكورتی دەتوانین بڵێین كەسروشتی پرۆسەی سیاسی لەعێراق و؛ ستراتیژو پلانی كاركردنی پارتە سیاسیەكان ودەستێوەردانی دەركی لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە، پاشان دابەشكاری پلەو پۆستەكانی حكومەت لەسەر بنەمای تەوافقی لەنێوان پێكهاتەكان و، فشەڵی ئەدای كابینە یەك لەدوای یەكەكانی حكومەت لەدابین كردن ئەمن وئاسایش وخزمەتگوزاری بۆ هاوڵاتیان، فاكتەری سەركی قووڵبونەوەی شوناسی لۆكاڵی بوون، چونكە هەموو ئەمانە بەسەر یەكەوە رێگەیان خۆشكردو هەلیان رەخساند بۆ ئەوەی تاكی عێراقی هەستكردن بەخود وشوناسی خۆی لەناو پانتای شوناسی عێراقیبوندا نەدۆزێتەوە؛ بەڵكو خود وخودیتی خۆی لەناو ئینیتما ولایەندارێتیە فەرعیەكانی خۆیدا بدۆزیتەوە. ئەمەش گەورەترین زەبری كوشندە بوو لەبەردەم دروستكردنی شوناسێكی نیشتمانی گشتگیر كەتاكی عێراقی تیایدا هەست بەبوون وكەینونەی خۆی بكات ونەیپەرژێتە سەر شوناسە فەرعییەكانی خۆی.

## 4- بەجیهانیبون وپێشكەوتنەكانی سەردم

چەمكی بەجیهانیبون چەمكێكی تازەیە ومێژووی دەركەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی حەفتاكانی سەدەی بیستەم. رونتر دەركەوتنی ئەم زاراوەیە دەدرێتە پاڵ هەردوو كتێبی (جەنگ وئاشتی) لەنوسینی (مارشاڵ ماك لۆهان وكینت فور)و، كتێبەكەی (زبینغو بیرجینسكی) بەناوی (لەنێوان دوو سەدەدا: رۆڵی ئەمریكا لەگوندی گەردونیدا)[lxxiv]. بەڵام زاراوەكە بەشێوەكی روون لەسەرەتای نەوەدەكانی سەدەی بیستەمدا كەوتە ناو فەرهەنگی سیاسی وئابووریەوە[lxxv]. هەڵبەتە توێژەرانی ناو كایە مەعریفیە جیاوازەكان هەر یەكەیان لەروانگەی خۆیان ومیتۆدی كاریكردنیانەوە لەجیهانیبونیان روانیوە. ئیكۆنۆمیستەكان چەختدەكەنەوە سەر گۆڕانكارییە نوێیەكانی ئابووری وكەڵەكەبوونی سەرمایە، لەكاتێكدا شارەزایانی بواری زانستی سیاسی لەو كاریگەریانە دەكۆڵنەوە كە لەئەنجامی پێشكەوتنی تەكنۆلۆژیاو هۆكارەكانی گەیاندن وگواستنەوەوە لەسەر دەوڵەت هەیانە. شارەزایانی بواری سۆسیۆلۆگیش بەجیانیبوون دەبەستنەوە بەپرسی تەقینەوەی دانیشتوان وژینگەو تیرۆرو دەركەوتنی كۆمەڵگای مەدەنی لەسەر ئاستی جیهان[lxxvi].

كەواتە ئێمە خۆمان لەبەردەم تێگەیشتن گەلێكی زۆرو پیناسەگەلێكی هەمەجۆردا دەبینینەوە. هەڵبەتە كاری ئەم توێژینەوەیە نییە خۆی لەو باسە بدات. تەنها بەو پیناسەیە دەگیرسێینەوە كەپێی وایە بەجیهانیبون بریتیە لەسیستەمێكی نوێی جیهانی كە لەسەر عەقڵی ئەلیكترۆنی وشۆڕشی زانیاری پڕ لەداهێنانی تەكنیكی بەردەوام دەوەستێت. بێ لەبەرچاو گرتنی سیستەمەكان وشارستانییەتەكان وبەهاكان وكلتورەكان وسنورەی سیاسییەكان[lxxvii]. كەواتە بەجیهانیبوون كاریگەری گەورەی كردوەتە سەر

هەموو لایەنە جیاوازەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ودەوڵەتە نەتەوەییەکانیش، بەجۆرێك هیچ وڵاتیك ناتوانێت خۆی لەبەردم تەوژمەکانیدا رابگرێت ورووبەڕووی بێتەوە. بیگومان شۆڕشی تەکنەلۆژیاو پێشکەوتنی گواستنەوەو گەیاندن فاکتەرێکی سەرکی پشت خێراتربونی رەوتی بەجیهانبوونە.

یەکێك لەو پرسە گرنگانەی لەپەیوەندی نێوان بەجیهانیبون وشوناس دێتە پێشەوە پرسی (شوێن)ە. بەجیهانیبون بەسروستی خۆی کاریکردۆتە سەر سنوری سیاسی دەوڵەت؛ کەیەکێکە لەگرنگترین تایبەتمەندی وسیماکانی سەروەری کە بەرجستەکەری باڵادەستی وسەروەریە بەسەر شوێندا، ئەو شوینەش چی خاوندارێتیەکەی بۆ تاك یان کۆمەڵ بگەڕیتەوە، یاخود بۆ دەوڵەتیکی خاوەن سەروەری لەسەر دامەزرابێت، بەڵام بەجیهانیبون لەرێگەی ئامرازو کەرەستەکانی خۆیەوە دەیەوێت ئەم سنورە ببڕیت ورۆچێتە ناو تایبتەمەندیەکانی دانیشتوان و، پاشان بەردەستخستنی شوناس گەلێکی دیکە ولاوازکردنی پێکهاتەی شوناسە نەتەوەیی ونیشتمانییەکان و والێکردنیان کەجیاواز نەبن لە گەلان ونەتەوەکانی دیکە(lxxviii). واتە بەجیهانیبون بەناکاراکردنی پارێزەرانی شوناس وناکاراکردنی فاکتەرە سنورخولْقێنەرەکان، بواری بۆ بەرهەمهاتن وخستنەڕووی ژمارەیەکی فرەی سەرچاوەو کەرەستەی شوناس ومانا خۆشکرد. بەمانایەکی دیکە؛ پرۆسەی بەجیهانیبون بەدەربازکردنی ئەم جۆرە سەرچاوانە لەبەستراوەیی شوین وسەرزەمینی تایبەت، بڵاوبوونەوەو پەرەگرتنی ئەوانی لەشوێنە جۆربەجۆرەکانی جیهاندا ئاسانتر کرد. ئەم زیادبوونەی سەرچاوەکانی شوناس بەمانای بەرهەمهاتنی هەل وهەڵکەوتوویی جۆراجۆریی شوناسسازیە کەهەر تاکێك کەم تازۆر دەتوانێت بەسوود وەرگرتن لەوانە خۆیان بۆنیادبنێنەوە(lxxix). یان وەك (هانتنگتۆن) بۆی دەچێت کە بەهۆی ئامرازەکانی بەجیهانیبونەوە خەڵکی دەستیان بەدووبارە بیرکردنەوە کردەوە دەربارەی شوناسی خۆیان، ئەمەش سەریکێشا بۆ ئەوەی شوناسە کلتورییە نەتەوەییەکان وشوناس لۆکاڵیەکان بەشێوەیەکی خێراتر بکەونە سەرووی شوناسی نیشتیمانیەوە. بۆیە خەڵکی ئینیتیمایان بۆ ئەو خەڵکانەی دیکە دەبێت کە لەرووی هۆشیاری هاوبەشی بنەڕەتی ئیتنیکی وئاینی وداب ونەریتی و میژووی هاوبەش، هاوبەشن لەگەڵیان(lxxx). لەلایەکی دیکەوە (محمد عابد الجابری) پێی وایە کەپەیوەندی نیوان شوناس وبەجیهانیبون پەیوەندییەکی ئاڵۆزە. لەلایەکەوە بەجیهانیبوون گرنگترین دوو پایەی ژیانی مرۆڤایەتی داگیر دەکات ئەوانیش: ئابوری وکلتورە. لەلایەکی دیکەوە لەبەرئەوەی بەجیهانیبون کار بۆ ئەوە دەکات خۆی وەك (شوناسێکی گشتگیر) بسەپێنیت، ئەوا شوناسی نیشتیمانی ونەتەوەیی دەکاتە ئامانج ورێگە بەدەرخستنی (شوناسە تەسکەکان)ی وەك (تاکێتی وئیتنیکی وتایفەگەری) دەدات بەزەقی دەربکەون(lxxxi). کەواتە بەشیوەیەکی گشتی دەتوانرێت بگوترێ کەپرۆسەی بەجیهانیبون بەدەرباز کردنی فەزا وزەمەن لەچوارچێوەی شوێن وبەرێژەییکردنی کەلتورەکان وسەرچاوە کۆمەڵایەتییەکان، پرۆسەی شوناسسازی ومانا دۆزینەوە بەشێوەیەکی نەریتی؛ زۆر دژوارو تەنانەت نەکراو دەکات. بەم پێیە جۆرێك لەقەیرانی بەربڵاوی زێدەڕەوی شوناس ومانا؛ کۆمەڵگە جۆراجۆرەکانی جیهان دەگرێتەوە کەشێوەگەلی جۆراوجۆر لەوێناکردنەکان وهەستی تاکەکان وگروپە جۆراجۆرەکاندا رەنگدانەوەی دەبێت(lxxxii). ئەم دەربازکردنەی فەزا وزەمەن لەجەبورتی شوێن وبەڕێژەییکردنی کلتورەکان کاریکردوەتە سەر ئەوەی تاك وگروپەکانیش هەڵبژاردنی زۆریان لەبەردەستدا بێت بۆ ئەوەی هەڵبژاردن لەناو شوناسەکاندا بکەن وئازادییەکی زیاتریان لەبەردەستدا بێت کەخۆیان لەشوین رزگار بکەن وبگەڕێن بەدوای ئەوانەی زیاتر لەخۆیان دەچن وهاوبەشی کلتوریی ومێژوویی ورەچەلەکی ئیتنیکی وئاینی وتایفی وزمانین لەگەڵیان.

ئەو کاریگەریانەی سەرەوەی بەجیهانیبون لەسەر پرسی شوناس وشوناسی نیشتیمانی لەدەوڵەتان جیهاندا بەرێژەی جیاواز جیاواز هەیە. رەنگە دەوڵەتی عێراقی نمونەیەکی زەقی ئەم کارتێکردنانە بێت.

بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی لەدوای ساڵی (2003) لەعێراقدا روویدا، ئەم وڵاتەی بەرووی جیهاندا؛ بەبێ سانسۆرێکی ئەوتۆ کردەوە کەدەرفەتی لەباری بۆ پێکهاتە جیاجیاکانی رەخساند دووبارە خۆیان پێناسەبکەنەوەو، شوناسی خۆیان دیاری بکەن، بەڵام نەك لەسەر بنەمای یەکێتی نیشتیمانی ودروستکردنی شوناسێکی باڵا بۆ خۆیان، بەڵکو گەڕان بەدوای لێکچوەکانی خۆیان لەئاین، ئاینزا، نەتەوە، زمان، دابونەریت لەدەرەوەی سنوری جوگرافی عێراق. خاڵێکی دیکەی هەمان مەبەستی سەرەوە، قوڵبوونەوەی گیانی دوژمنکاری وتۆڵەسەندنەوە بوو لەنێوان زۆربەی پێکهاتەکانی عێراق بەگشتی وسوننەو شیعە بەتایبەتی، ئەمە وێرای کەمدەربەستی دەستبژێرە سیاسییەکان لەئاست قەیرانە هەمەجۆرەکانی عێراق ودواتر بەکارهێنانی شوناسی ئاینزایی

ومەزهەبی بۆ مانەوە لەدەسەڵات وبەتاڵانبردنی دەرامەتی ئەم وڵاتە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان. هەموو ئەم هۆکارانە سەری کێشا بۆ ئەوەی گەڕان بەدوای شوناسێکی دیکەدا ببێتە دیفاکتۆیەکی تاڕادە بەردەوام لەبەردم هەم تاکی عێراقی وهەم هەموو گروپ وکۆمەڵە سیاسی وئاینی و نەتەوەیی ومەزهەبیەکان. سەرباری هەشت ساڵ جەنگی نێوان عێراق- ئێران وئەو مێژووە پڕ کێشەو ئاڵۆزیانەی لەنێوان ئەم دوو وڵاتەدا هەبوو بەدرێژای مێژوو سەدەی بیستەم وبگرە پێشتریش، بەڵام ژمارەیەکی زۆری پارتە شیعییەکان وگروپە میلیشیاکان وپارتە ئاینیەکانیان ئەوەندە لایەندارێتی ودڵسۆزیان بۆ سیستەمی ئاینی وسیاسی ئێران هەیە ئەوەندە بۆ عێراقیان نییە. بگرە زۆرێك لەمانە شوناسی خۆیان بەشوناسێکی ئاینی- مەزهەبی سنور بڕ دەناسێنن وەك لەوەی خۆیان بەشوناسی عێراقیبونەوە ببەستنەوە[lxxxiii]. بەهەمان ناوەڕۆك، بەڵام لەفەزای تایبەتی سوننەی عەرەبی عێراقیدا، ئەم گەڕانە بەدوای شوناسێکی دیکەی عەرەب- سوننە لەدەرەوەی سنوری عێراق دەبێتە جۆرێك لەفریادڕەس بۆ لایەنگرانی ئەم مەزهەبە تاجۆرێك لەبالانس وهێز لەبەرامبەر مەزهەبی شیعەی باڵادەست لەعێراق رابگرن. سەرهەڵدان وچەکەرەکردنی زۆربەی رێکخراوە توندڕەو تیرۆریستەکانی وەك (قاعیدە- داعش) لەناوچەی سوننە نشینەکانی عێراق گەواهی دەری ئەوەن کەشوناسی عێراقیبوون لەقەیرانێکی قوڵدایە لای لایەنگرانی ئەم مەزهەبە. هەروەها پەیوەندییە توندوتۆڵەکانی کەسایەتی وپیاوانی ئەم مەزهەبە بەوڵاتە سوننەکانی وەك (سعودیە- قەتەر- تورکیا)، و دواتریش یارمەتی وەرگرتن لێیانەوە ئەو راستییە دەردەخەن کەچۆن لاوازبوونی سنوری جوگرافی وسەروەری دەوڵەت لەلایەکەوەو، پێشکەوتنی هۆیەکانی گواستنەوەو گەیاندن لەلایەك دیکەوە[lxxxiv]، پێشکەوتنی ئابوری وجیهانی وباڵادەستی بازار، رێگە خۆشدەکەن بۆ ئازادبوونی پرۆسەی شوناسسازی ودۆزینەوەی ئەو خەڵك وگروپانەی لەرووی رەچەڵەك-ئاین- نەتەوە- زمان- مێژووی هاوبەش- ئاینزا- هتد.. لێکترەوە نزیکن.

هەڵبەتە نەتەوەی کورد لەعێراقدا بەشێوەیەکی باش، پرۆسەی بەجیهانیبوون، لەزۆربەی رەهەندەکانیدا، لەقازانجیدا شکاوەتەوە، یارمەتیدەرێکی باشبوو بۆ ئەوەی تاڕادەیەك لەجەبەروتی شوێن وسنوری کۆنکرێتی وڵاتێکی وەك عێراق رزگاری بێت. چیتر لەناوچوارچێوەی ئەم سنورەدا بەپاساوی مافی سەروەری وپاراستنی یەکرێزی نیشتیمانی ومەترسی بۆ سەر پەیامی ناسیۆنالیستی عەرەبی؛ جینۆساید وقەلاچۆنەکرێت. لەپاش ساڵی (2003) کورد ئارەزوومەندانە گەڕایەوە ناو عێراق وبەشداری کارای کرد لەدوبارە بونیادنانەوەی ئەم وڵاتە. هەرچەندە بەپێی رێکەوتنە سیاسیەکان وریوشوێنە یاساییەکان، کورد لەسەرەتاوە سوودمەند بوو لەم بەشداریکردنەوەیە، بەڵام رووداوە یەك لەدوای یەکەکانی وەك (خەرجنەکردنی بودجە بۆ پێشمەرگە- یەکلای نەکردنەوەی یاسای نەوت وگاز- جێبەجێنەکردنی مادەی 140 ی دەستوری عێراقی- دواتری بڕینی پشکی 17% کورد لەبودجەی گشتی عێراق وسەرهەڵدانی قەیرانی دارایی سەخت) دوبارە گوتاری باڵادەستی ومەیلی گەڕانەوە بۆ سیستەمی مەرکەزی ولاوازکردنی فیدراڵیزم لەلای دەستبژێرە سیاسی وئاینی وناسیۆنالیستە عەرەبەکانەوە، بەڵام ئەمجارە لەمەزهەبی شیعە؛ هاتەوە ناو کایەی حوکمڕانی وهێزە سەبازیەکانی دەوڵەتەوە. بۆیە پرسی لایەندارێتی و ولائی کورد بەشێوەیەکی گشتی بۆ دەوڵەتی عێراقی وشوناسی عێراقیبوون تائەوپەڕی ڕادە لاوازە. بێگومان ئەمەش فاکتەری زۆری لەپشتەوەیە کەنامانەوێت باسی بکەین. ئەگەر تاپێش (2003) کورد رۆڵێکی ئەوتۆی لەدروستکردنی دەوڵەتی عێراقیدا نەبوبێت، پاشان بە بەردەوامی لەکێشمەکێش وململانیدا لەگەڵ هێزی میری ورەتکردنەوەی ئەو شوناسەی بەزۆری دەویسترا بەسەریدا بسەپێنریت، ئەوا لەپاش (2003) ئەم مەیلی رەتکردنەوەی شوناسی عێراقیبوونە بەردەوامی هەبووە؛ لەراپرسی نافەرمی (2005) نزیکەی (98.8%) هاوڵاتیانی کورد لەعێراق داوای سەربەخۆیان کرد[lxxxv]. ئەم مەیلە لەریفراندۆمی (2017/9/25) دەگاتە لوتکە کەنزیکەی (92.73%) لەبەشداربووانی ریفراندۆمەکە داوای سەرخۆیی وجیابوونەوەیان لەعێراق کرد[lxxxvi].

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە بەجیهانیبوون لەگەڵ ئەو کاریگەرییە گەورانەی خۆی کەبەسەر تەواوی کایەکانی ژیانی سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی وسەربازی وپەیوەندیکردن وگەیاندندا هێنای؛ لەناویاندا پرسی شوناسی نیشتیمانی، ئەوا دەتوانین بڵێین کە پاش ساڵێ (2003) لەعێراق بەهۆی کەوتنی رژێمی پێشوو ئاسۆیەکی گەورەتر لەبەردەم تەواوی پێکهاتەکانی عێراق کرایەوە کەسەر لەنوێ شوناسی خۆیان داڕێژنەوەو پێناسەی بکەنەوە، بەڵام نەك لەژێر هەژموونی شوێن وسنوری سیاسی دیاریکراودا، بەڵکولەپانتایی وفەزایەکی کراوەو گەورەتردا.

**دووەم: لێکەوتەکانی قوڵبونەوەی شوناسە لۆکاڵیەکان**

لەهەمبەر گەڵاڵەنەبوونی شوناسێکی نیشتیمانی راستەقینە کە تەواوی جیاوازیە ئیتینی وئاینی وئایتزابی وتایفی ونەتەوەییەکانی عێراق لەخۆبگرێت ولەسەر بنەمای چەمکی هاوڵاتیبوون مامەڵە لەگەڵ تاکەکاندا بکرێت وتەواوی ماف وئازادیە گشتییەکان وئەرکەکان بۆ هاوڵاتیان دەسەبەربکرێت، ئەوا وەك دەرئەنجامێکی واقعی شوناسە لۆکاڵیەکان جێ پێی خۆیان کردوەتەوەو کاریگەری هەمەلایەنەیان لەسەر ئاستی سیاسی وئابووری کۆمەڵایەتی وتەنانەت سەربازیش داناوە. لێرەدا بەکورتی باس لەو کاریگەریان دەکەین.

**1- لەسەر ئاستی سیاسی**

لەسەرەوە بەشێوەیەکی کورت ئاماژەمان بەوە کرد کەیەکێك لەفاکتەرەکانی پشت قوڵبونەوەی شوناسە لۆکاڵیەکان سروشتی پرۆسەی سیاسییە لەعێراقدا. وەك دەرئەنجامێك بۆ ئەمە قوڵبونەوەی شوناسە لۆکاڵیەکان کاریگەری گەورەیان لەسەر پرۆسەی سیاسی داناوە. واتە پرۆسەی سیاسی لەعێراقدا هەم کاریگەرو هەم کارتێکراوە، ئەگەر فاکتەرێك بووە بۆ قوڵبونەوەی شوناسە لۆکاڵیەکان ئەوا لەبەرامبەریشدا کاریگەربووە بەم دیاردەیە؛ بەشێوەك کە لەدوای (2003) پرۆسەی سیاسی ئەوەندە بەئەجێنداو پرۆژەو دونیابینی وئامانجی شوناسە لۆکاڵیەکان کاریگەربووەو؛ لەهەمان کاتیشدا لەخزمەتیدا بووە، ئەوەندە لەخزمەت پرۆژەی شوناسسازی نیشتیمانی راستەقینەو پتەوکردنی چەمکی هاوڵاتیبوندا نەبووە، کە یەکێکە لەمەرج وسیما هەرە سەرکییەکانی دەوڵەتی سەقامگیر وپێشکەوتوو.

بەردەوامی ناسەقامگیری سیاسی لەناوخۆی عێراقدا دیاردەیەکی بەرچاوی پرۆسەی سیاسییە لەدوای (2003). هەڵبەتە فاکتەرەکانی پشت ئەم دیاردەیە هەمەچەشنن، یەکێك لەوانە قوڵبونەوەی شوناسە لۆکاڵیەکانە کەرێگرە لەبەردەم ئاسییبونەوەی فەزای سیاسی وسەقامگیری کایەی سیاسی. ئەم بەردەوامی ناسەقامگیریە سەریکێشاوە بۆ دەرکەوتنی چەندین پارتی سیاسی ومیلیشیای چەکداری ورێکخراوی مەدەنی بەسیاسیکراو کەرۆڵ وکاریگەری بەرچاویان لەدووبارە دارشتنەوەی ستراتیژو دونیابینی سیاسەتی گشتیدا هەیە.

ئەم کاریگەرییە لەپێکهێنانی کابینە یەك لەدوایەکەکانی حکومەتی عێراقیدا بەروونی رەنگیداوەتەوە. درێژەکێشانی پێکهێنانی کابینەکانی (2005-2006-2010-2014-2018) بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە تاچەند کارەکتەرەکانی ناو پرۆسەی سیاسی عێراق وبراوەکانی هەڵبژاردنەکان کاریگەربوون بەدەستگرتن بە بنەما ئاینی وئایتزابی ونەتەوەییەکانی خۆیان. دابەشکردنی پۆستە حکومییەکان لەسەرەوە بۆ خوارەوە تێکرا لەسەر لایەنگیری مەزهەبی وولائی حزبی دادەنرێن، ئەمەش گەورەترین گورزبووە بەر پرۆسەی دوبارە بونیادناوەی عێراق کەوتووە بەشێوەیەکی دیموکراسی وشارستانی. شەلەلی پرۆسەی سیاسی ولاوازی ئەدای سیاسی پارت ودەسەڵاتدارییەکانی کاریگەری کردوەتە سەر ململانێی تایفی ونەتەوەیی کەهەمووان تیایدا زەرەرمەندبوونە. لوتکەی ئەم توندو تیژی وململانێیە لەماوەی ساڵانی (2006-2007) و(2014) بەدروستبوونی (داعش) گەیشتە لوتکە. وێرای هەموو ئەمانە قوڵبوونەوەی شوناسە لۆکاڵیەکان کاریگەری زۆریان کردوەتە سەر شکۆی دەوڵەت؛ بەشیوەیەك کەبەهۆی لایەندارێتی و ولائی ئاینی وتایفی پێکهاتەکانی عێراق بۆ وڵاتانی دراوسێ بەتایبەتی (ئێران- سعودیە-تورکیا) رێگەی خۆشکردووە بۆ دەستێوەردانی ئەم وڵاتانە لەکاروباری ناوخۆیی وسەپاندنی ئەجێنداو ستراتیژی تایبەت بەخۆیان و، هەروەها هەوڵدانیان بۆ زاڵکردنی نەتەوەیەك یان مەزهەبێك یان ئاینێك بەسەر نەتەوەو مەزهەب وئاینەکانی دیکەدا.

**2- لەسەر ئاستی ئابووری**

عێراق بەدەوڵەتێکی کرێخۆری (الريعی) دادەنرێت، چونکە بەشێوەیەکی سەرەکی ئابوورییەکەی پشت بەهەناردەکردنی نەوتی خاو دەبەستیت بۆ دەرەوە. واتە داهاتی نەوت نزیکەی (90%) کۆی گشتی بوودجەی عێراق پێکدەهێنێت. بۆ نمونە تەنها لەساڵی (2018) عێراق نزیکەی (یەك ملیار دوو سەدو حەفتاو هەشت ملیۆن وسێسەدو یازدەهەزار ودووسەدو هەشتاو هەشت) بەرمیلی رەوانەی دەرەوە کردوە کەبەهاکەی زیاتر لە (85) ملیار دۆلاری ئەمریکی بووە[xxxvii]. ئەمەش وایکردووە داهاتی نەوت نزیکەی (90%) داهاتی گشتی عێراق پێکهێنیت. سەرباری ئەم داهاتەو داهاتەکانی کەرتەکانی دیکەی وەك پیشەسازی وکشتوکاڵ وداهاتی خاڵە گۆمرکییەکان وگەشتوگوزارو کەرتی گواستنەوە؛ هێشتا رێژەی هەژاری لەم وڵاتەدا زۆر بەرزە. لەراستیدا سەرچاوەکان بۆ

دیاریکردنی ڕێژەی هەژاری لەعێراقدا جیاوازن، بەڵام بەپێی ئاماری وەزارەتی پلاندانانی عێراق ڕێژەی هەژاری لە ساڵی (2007) گەیشتوە بە (22%) ولەساڵی (2012) ڕێژەکە بۆ (19%) دابەزیوە. بەڵام لەدوای هاتنی (داعش) وپشێوی سیاسی وئەمنی وسەربازی لەپارێزگا سوننە نشینەکانداو، بەرەنگاربوونەوەی لەلایەن حکومەتی عێراق وهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دیسانەوە ڕێژەکە بەرزبوویەوە بۆ نزیکەی (22.5%)[lxxxviii]. هەرچی پەیوەندی بە بێکاریشەوە هەیە ئەوا دەبینین ئەم ڕێژەیەش بەرزەو لەساڵی (2003) گەیشتوە بە (28.1%) ولەساڵی (2008) گەیشتوە بە (15.3%) لەساڵی (2015) گەیشتوە بە (13.2%) ولەساڵی (2018) ڕێژەی بێکاری گەیشتوتە نزیکەی (22.6%)[lxxxix] لەکاتێکدا بەپێی ڕاپۆرتی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی ئەم ڕێژەیە (41%)[xc]. ئەمە جگە لەبڵابونەوەی گەندەڵی بەشێوەیەکی بەرچاو لەعێراقدا بەشیوەیەك کە لەدوای (2003) ڕێژەی گەندەڵی دارایی وکارگێڕی[xci] تائاستێکی مەترسیدار بەرزبووەتەوە؛ بەپێی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی عێراق لەچوارچێوەی گەندەڵترین وڵاتانی دونیادایە. بۆ نمونە لەراپۆرتی ساڵی (2017) ڕێکخراوەکەدا لەکۆی (180) وڵات؛ عێراق لەڕیزبەندی (169) دایە لەرووی ئاماژەکانی گەندەڵیەوە[xcii]. هەڵبەتە لێرەدا دەبێت ئەو راستیە لەبەرچاو بگرین کەئەم داڕوخان وخراپی بارودۆخی ئابوورییەی لەعێراقدا هەیە بەتەنها پەیوەندی بەقوڵبونەوەی شوناسە لۆکاڵیەکانەوە نییە، بەڵکو فاکتەرگەلی دیکە هەیە بۆ ئەم بارودۆخە. ئەوەی گرنگە بوترێت لەم لایەنەوە ئەوەیە کەقوڵبونەوەی شوناسە لۆکاڵیەکان بۆخۆیان تاڕادەیەك بەرهەمی نادادپەروەری دابەشکردنی داهاتی وڵاتە بەشێوەیەکی یەکسان لەنێوان پێکهاتەکاندا بەبێ جیاوازی. دەرهاوێشتەی ئەم نادادپەروەریە بەنێگەتیڤی کاریکردوەتە سەر دووبارە بوژاندنەوەو دروستکردنەوەی ژێرخانی ئابووری عێراق. بەتێبینکردنێکی خێرای دامەزراوەکانی دەوڵەت وشێوازی دابەشکردنی سامانی نیشتیمانی؛ ئەوە روونەبێتەوە کەتاچەند شوناسە لۆکاڵیەکانی لەهەوڵی بەدەستهێنانی پتەوکردنی پێگەو زیادکردنی هێزی خۆیان لەسەر بنەمای قۆرغکردنی دەسەڵاتی لۆکاڵی خۆیان لەناوچەکانی خۆیاندا. بۆ نمونە هێزێکی وەك (حەشدی شەعبی) بەسوود وەرگرتن لەباڵادەستی وپێگەی دەسەڵاتداری پێکهاتەی شیعە لەناو جومگە سەرەکیەکانی دەوڵەتدا توانیویەتی بڕێکی باش داهاتی گشتی بۆ خۆی بەرێت. تەنها لەبودجەی (2019) بڕی زیاتر لە (9) تریلیۆن دیناری عێراقی بۆ ئەم هیزە تەرخانکراوە لەکاتێکدا هێزی پێشمەرگە تەنها (37) ملیاری بۆ تەرخانکراوە[xciii]. ئەم جیاکاری وجیاوازییە لەنێوان پێکهاتەکانی عێراق ودواتریش قۆرغکردنی ئابووری وبەکارهینانی سامانی گشتی بۆ بەرژەوەندی تایفی ونەتەوەیی ومەزهەبی سەری کێشاوە بۆ دروستبوونی گەندەڵی وبڵاوبوونەوەی هەژاری وبێکاری. نەبوونی ئامێزانبوونی (integration) کۆمەڵایەتی وباڵادەستی شوناسە لۆکاڵیەکان بووتە هۆی تەشەنەکردنی دیاردەی خزمگەرایی وناوچەگەرایی وتایفگەریی یان (مەنسوبیەت ومەحسوبیەت) لەپێگە وبەرپرسیارێتیە میریەکاندا لەجیاتی پشتبەستن بەلێهاتوویی وشارەزایی وئەزموونی کەسەکان، ئەمەش وایکردووە گەندەڵی ئیداری وئابووری لەجومگە سەرەکییەکانی دەوڵەتدا بڵاوبێتەوەو کاریگەری گەورە بکاتە سەر گەشەپێدانی هەمەلایەنەو بەردەوام (التنمية المستدامة). بەمانایەکی تر شوناسە لۆکاڵیەکان بەهۆی بێمتمانەییان بەئەدای دەوڵەت ونەبونی دادپەروەری لەدابەشکردنی داهاتە ماددی ومەعنەوییەکان لەنێوانیاندا بەیەکسانی لەلایەك و، لاوازبوونی لایەندارێتی بۆ دەوڵەت لەلایەکی دیکەوە؛ وایکردووە هەمووان بۆ پڕکردنەوەی پێویستیە ژیانییەکانی خۆیان پەنا بۆ ئینیتما ولایەندارێتی کلتوری وشوناسەکانی خۆیان بەرن. بێگومان ئەمەش فاکتەرێکی سەرکییە لەپشت خراپبون وفشەڵی ئابووری عێراقەوە. کەواتە دەکرێت بەو ئەنجامە بگەین کە پەیوەندی نێوان ئابووری وشوناس پەیوەندییەکی هاوکاریگەرە؛ چەندە دادپەروەری لەئەرك ومافەکاندا هەبێت وهەلی کارو داهاتی گشتی بۆ هەمووان بێت بێ جیاوازی ئەوەندە کاریگەری شوناسە لۆکاڵیەکان کەمتر دەبێتەوەو لەبەرامبەردا شوناسی گشتگیری نشتیمانی زیاتر دەردەکەوێت، بەپێچەوانەشەوە راستە.

**3- لەسەر ئاستی کلتوری وکۆمەڵایەتی**

هەموو شوناسێك بۆ خۆی خاوەن کۆمەڵێك تایبەتمەندی وسیمای سەرەکییە کەجیای دەکاتەوە لەشوناسەکانی دیکە چی لەسەر ئاستی تاك یاخود گروپ بێت وەك لەتەوەری یەکەم روونمان کردەوە. دیارە کە ئەو تایبەتمەندیانە ئەستەمە بەوردی دیاری بکرێن بەهۆی بەناویەکداچوونی ئەو تایبەتمەندیانە، بۆ نمونە هەردوو مەزهەبی سوننە وشیعە چەندە جیاوازن ئەوەندەش تایبەتمەنی هاوبەشیان هەیە لەئاین لەنەتەوە لەزمان. بەڵام لەگوتاری سیاسی وئاینی وئایدیۆلۆژیاندا جیاوازی جەوهەری لەنێوانیاندا هەیە.

بەهۆی لاوازبوونی دەوڵەت ونەبوونی شوناسێکی گشتگیری نیشتیمانی راستەقینە؛ پرسی ئینتیمابوون ولایەندارێتی بۆ هۆز وعەشیرەت وناوچە وتایفە وئاین ونەتەوە بەزەقی لەدوای (2003) لەعێراقدا دەرکەوتووە. بەمانایەکی دیکە قوڵبونەوەی شوناسە لۆکاڵیەکان هۆکارێکە بۆ بەسیاسیکردنی ئاین وپیرۆزکردنی بنەما کۆمەڵایەتبیە سەرکییەکان وپێشخستنی بەسەر هەر دەسپێشخەریەکدا بۆ دامەزراندنی شوناسێکی نیشتیمانی گشتگیرو گواستنەوەی لایەندارێتی وئینتیما لەشوناسە لۆکاڵیەکانەوە بۆ شوناسی نیشتیمانی[xciv].

قوڵبوونەوەی شوناسە لۆکاڵیەکان لەعێراق رێگەی خۆشکردووە بۆ سەرهەڵدانی کلتوری یەکتری سڕینەوەو سەپاندنی ئەجێنداو دونیابینی تایفەو نەتەوەیەك بەسەر ئەوانی دیکەداو، لەهەمان کاتیشدا بارگاوی کردنی بەئایدیۆلۆژیای سیاسی وئاینی، ئەمەش بۆ خۆی نەك خزمەتی بەدوبارە بونیادنانەوەی عێراق نەکردووە لەسەر بنەمایەکی دەستوری راستەقینەو پێدانی ماف و ئەرکی هەمووان بەبێ جیاوازی وسەپاندن وکارکردن بەچەمکی هاوڵاتیبوون، بەڵکوگەورەترین زەبری کوشندەی بەم پرۆسەیە گەیاندوە.

هۆزو عەشیرەت لەپرۆسەی سیاسی عێراقدا لەکۆن وئێستاشدا رۆڵی گرنگیان گێڕاوە، لەپاش ساڵی (2003) بەهۆی پشێوی سیاسی وبۆشایی ئەمنی وهەڵگیرسانی جەنگی تایفی وبرەو سەندنی تیرۆر؛ گەڕانەوە بۆ عەشیرەت بووە سیمایەکی دیاری تاکی عێراقی بەگشتی و، رێکخراوە سیاسی ومەدەنییەکان بەتایبەتی. بەجۆرێك کەزۆرێك لەپارتە سیاسییەکان بۆ بەدەستهێنانی هێزو کورسی پارلەمانی پەنا بۆ باکگراوندە کۆمەڵایەتییەکانیان دەبەن. جگە لەمەش بەهۆی بێتوانایی سوپای عیراق ودامەزراوە ئەمنییەکان لەبەرقەرارکردنی سەقامگیری وئەمن وئاسایش بۆ هاوڵاتیان حکومەتی عێراق پەنای بۆ دروستکردنی هێزە عەشایەری وهۆزەکان برد. بۆ نمونە لەساڵی (2010) ژمارەی (ئەنجومەنەکانی پاڵپشتی- مجالس الاسناد) کە لە (6480) شێخی عەشیرەت وکەسایەتی هۆزەکان پێکدەهات گەیشت بە (242) ئەنجومەن[xcv]. ئەم دیاردەی هۆزگەراییە گەیشت بەو ئاستەی کەهەموو عەشیرەت وهۆزێك کۆنفرانس وگردبوونەوەی گەورە ببەستێت بۆ دوبارە خۆڕیکخستنەوەو پیشاندانی گەورەیی وبەهێزی خۆیان. بەسەرنجدانی نازناوی زۆربەی دەسەڵاتدارەکان وپیاوانی دەسترۆیشتووی ناو دامەزراوەکانی دەوڵەت ئەوە روونەبێتەوە کە تاچەندێك هەستی هۆزو عەشیرەت لای تاکی عێراقی گەشەی کردووە.

لەکۆتایدا دەتوانین بڵێین کەقوڵبونەوەی شوناسە لۆکاڵیەکان لەعێراقدا بەرهەمی دوای ساڵی (2003) نیە بەتەنها، بەڵکو رەگ وریشەیەکی مێژوویی کۆنی هەیە، ئەوەی هەیە ئەمە لەدوای ئەو بەرواروە زیاتر قوڵبووەتەوە، ئەوەش بەهۆی ئەو فاکتەرانەوە کە لەسەروە دەستنیشانمان کردن. بێگومان قوڵبونەوەی ئەم شوناسانە بەرهەمی شکستی پرۆسەی سیاسی وشێوازی خەبات سیاسی وئۆپۆزسیۆنی پێشوو ودەسەڵاتدارانی ئەمڕۆ ونەبوونی دیموکراسی ودادپەروەری وپرۆسەی بەجهانیبون وپێشکەوتنەکانی سەردەمە، لەهەمان کاتیشدا لەلایەن خۆیانەوە، وەك دەرهاوێشتەیەکی واقعی؛ شوناسە لۆکاڵیەکان بۆخۆیان کاریگەریان کردوەتە سەر لایەنی سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی وکلتوری.

داهاتووی شوناسی گشتی نیشتمانی لەبەرامبەر بەهێزی شوناسە لۆکاڵیەکان داهاتووەکی پڕ لەکێشەو ململانێ دەبێت. هەڵبەتە بوونی فرە چەشنی ئاینی وئایئزایی ونەتەوەیی وزمانی وئیتنیکی لەوڵاتێکدا نابێتە کێشە ئەگەر بەشێوەیەکی عاقڵانەو شارستانی مامەڵە لەگەڵ جیاوازییەکان بکرێت. فەراهەمبوونی شوناسێکی نیشتیمانیش لەعێراقدا وەك (عەلی عەباس)[xcvi] پێی وایە پەیوەستە بە چەند مەرجێکەوە لەوانە: داننان بەهەموو ئازادی ومافی هەموو شوناسێکداو گەرەنتی کردنیان لەرووی دەستوری ویاساییەوە. داننانی هاوبەرامبەر لەنێوان شوناسەکاندا وڕێزگرتنی ئازادی ومافی هەموو شوناسێك وەك یەك. داننانی هەموو شوناسەکان بەشوناسی نیشتیمانیداو درککردن بەوەی کەلەم چوارچێوەیەدا ماف وئازادی وبەرژەوەندییەکانی یەکتری دەپارێزرێت. کەواتە رەواندنەوەی ترس ودەسەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی شوناسە لۆکاڵیەکان وبەدیهێنانی یەکسانی ودادپەروەری لەنێوانیاندا دەکرێت ببێتە هۆی بەدیهێنانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەو سەقامگیری سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی لەعێراقدا. بەڵام بەردەوامبوونی شوناسە لۆکاڵیەکان بەم بارودۆخەی کە لەدوو توێی ئەم توێژینەوەیەدا بەرباسخراوە؛ چاوەڕێی ئەوە ناکرێت شوناسێکی نیشتیمانی راستەقینە لەعێراقدا بێتە کایەوە کە وەك چەترێك هەمووان لەژێریدا کۆببنەوەو ماف وئازادی وبەرژەوەندییەکانیان پارێزراو بێت.

**دەرئەنجام**

قسەکردن لەبارەی شوناسەوە بەگشتی ولەبارەی شوناسە لۆکاڵیەکانەوە بەتایبەتی ولەناوخۆی وڵاتیکی وەك عێراقدا بەتایبەتی تر، بۆ خۆی بابەتێکی ئاڵۆزو فرە رەهەندەو بەئاسانی تاوتۆێ ناکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەدا توێژینەوەکە گەیشتووە بەچەند ئەنجامیك لەوانە:

1- شوناسی کۆمەڵایەتی بەگشتی شوناسێکی نەگۆڕو پێدراوێکی سروشتی نییە کەتوانای گۆڕان وئاڵوگۆڕکردنی نەبێت. واتە شوناس پێدراوێکی ئامادەو کۆتایی نییە بەقەدەر ئەوەی کە کارێکە هەمیشە دەبێتە کامڵ بکرێت، ئەوەش کەشوناس رەنگ رێژدەکات گۆڕان وکارلێکردنی مرۆڤە لەگەڵ ئەوی تر نەك جێگری ونەگۆڕی.

2- قوڵبوونەوەی شوناشە لۆکاڵیەکان وکاریگەری بوونیان لەسەر ئاستە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بەتەنها تایبەت بەوڵاتیك یان ناوچەیەك نییە، بەڵکو دیاردەیەکی سیاسی گشتگیرە لەسەر ئاستی هەموو وڵاتانی دونیا، بەڵام لەرووی ناوەڕۆك ورادەی توندوتیژی وئاشتیەوە جیاوازیان هەیە.

3- قەیرانی شوناس لەعێراق بەگشتی وشوناسە لۆکاڵیەکان بەتایبەتی؛ قەیرانێکی تازە نییەو لەدوای ساڵی (2003) سەریهەڵدابیت، بەڵکو لەساتەوەختی دروستبوونی ئەم وڵاتەوە ئەم قەیرانە بوونی هەیە، بەڵام لەدوای رووخانی رژێمی پێشوو لەعێراق شوناسە لۆکاڵیەکان کاریگەریان زیاتری کردوە.

4- فاکتەرەکانی پشت قوڵبونەوەی شوناسە لۆکاڵیەکان لەعێراق هەرە یەکەیان بەشیوازی خۆی کاریگەری کردوەتە سەر ئاستە جیاوازەکان.

5- بوونی فرە چەشنی لەعێراقدا فاکتەرێکی سەرەکی پشت گەلاڵە نەبوونی شوناسێکی نیشتیمانیە. بوونی ئاراستەو روانین وبیرکردنەوەی نەتەوەیی وئاینی وئاینزایی جیاواز لای عەرب، کورد، تورکمان، شیعە، سوننە بەرادەیەکی زۆر پێچەوانەی شوناس ویەکێتی نیشتیمانییە. بۆیە تاکی عێراقی لەئەمرۆدا زیاتر ئینیتماو لایەندارێتی بۆ شوناسە لۆکاڵیەکانی خۆی زیاتر هەیە وەك لەوەی بۆ شوناسێکی نیشتیمانی باڵا هەیبێت.

6- سروشتی پرۆسەی سیاسی لەعێراق وستراتیژو پلانی کارکردنی پارتە سیاسییەکان ودەستێوەردانی دەرکی لەلایەن وڵاتانی دراوسێی عێراقەوە، پاشان دابەشکاری پلەو پۆستەکانی حکومەت لەسەر بنەمای تەوافقی لەنیوان پێکهاتەکان و، فشەڵی ئەدای کابینە یەکە لەدوای یەکەکانی حکومەت لەدابین کردن ئەمن وئاسایش وخزمەتگوزاری بۆ هاوڵاتیان، فاکتەری سەرەکی قووڵبونەوەی شوناسی لۆکاڵی بوون.

7- بەهۆی پرۆسەی بەجیهانیبوونەوە لەپاش کەوتنی رژێمی پێشووی عێراق ئاسۆیەکی گەورەتر لەبەردەم تەواوی پێکهاتەکانی عێراق کرایەوە کەسەر لەنوێ شوناسی خۆیان دارێژنەوەو پێناسەی بکەنەوە، بەڵام نەك لەژێر هەژموونی شوێن وسنوری سیاسی دیاریکراودا، بەڵکولەپانتایی وفەزایەکی کراوەو گەورەتردا.

8- قوڵبونەوەی شوناسە لۆکاڵیەکان لەعێراق کاریگەری بەرچاویان لەسەر داڕشتن وئاراستە وەرگرتنی پرۆسەی سیاسی وکێشە ئابوورییەکان وفەزا کۆمەڵایەتی وکەلتورییەکان کردووە. بەرێگای جیاواز جیاواز بونەتە فاکتەری پشت قەیرانە سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتییەکان.

9- داهاتووی شوناسی نیشتیمانی لەعێراقدا لەپاڵ قوڵبونەوەی شوناسە لۆکاڵیەکان لەگەڵ هەموو ئەو کێشانەی هاورێی ئەم قوڵبونەوەیەن؛ داهاتوویەکی باش نابێت ئەگەر هەوڵێکی جدی نەدرێت لەنێوان هەموو پێکهاتە جیاوازەکاندا، ترس لەیەکتری نەڕوێتەوە وبەرژەوەندی شوناسە لۆکاڵیەکان نەپارێزرێت.

پەراوێزەکان

( i ) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: كلود دوبار، أزمة الهويات: تفسير تحول، ترجمة: رندة بعث، المكتبة الشرقية، بيروت، 2008،ص16.

( ii ) راوي عبدالعال وآخرون، الهوية كعامل متغير، في كتاب: قياس الهوية: دليل للمختصصين في العلوم الاجتماعية، تحرير: راوي عبدالعال وآخرون، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، دراسات مترجمة 65، ابو ظبي، ط1، 2014، ص27.

( iii ) بڕوانە: عەلی زەڵەمی، پرسی شوناس: لەمژدەکانی مۆدێرنەوە بۆ کۆمەڵگاکانی پۆست مۆدێرنە، چاپخانەی شفان، سلێمانی، 2012، لا 18–20؛ عەزیز شێخانی، هەڵوێستەیەک لەسەر ناسنامەو شوناسی سیاسی کورد، نوسینکە لەسەر ماڵپەر کورد چەناڵ بڵاوکراوەتەوە لە2016/10/6. kurdch.tv/Direjewitar.aspx?Jimare=1795؛ عەبدولموتەڵیب عەبدوڵا، مەریوان وریا قانع: ناسنامەی نەتەوەیی، زنجیرە وتارێکە لەسەر ناسنامە، لەسەر ماڵپەری دەنگەکان لە2018/7/31. https://dengekan.info/archives/7827

( iv ) ئەحمەد گۆلمحەمدی، بەجیهانیبون–کلتور–شوناس، وەرگێڕانی: عەولا بەهرامی، چاپخانەی خانی، دهۆک، 2007، ل 221.

( v ) https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/identity

( vi ) ابن منظور، لسان العرب، المجلد (16)، دار صادر للطباعة والنشر، بيروت، 2004، ص116.

( vii ) جميل سلبيا، المعجم الفلسفي، دار الكتاب اللبناني، بيروت، ط2، 1979، ص ص 529-530.

( viii ) المنجد في اللغة العربية المعاصرة، دار الشروق، بيروت، ط2، 20101، ص1439.

( ix ) محمد تميم، أوراق في منهج التغيير، سلسلة "اخترت لكم"، العدد 5، مطبعة النجاح الجديدة، 2000، ص10.

( x ) Stuart Hall, the Question of Social Identity, in Stuart Hall, David Held, Anthony G. McGrew, Modernity and its futures, Polity Press in association with the Open University, Cambridge,1992.p.p. 275-277.

( xi ) صمويل ب-هنتنجتون، من نحن؟ المناظرة كبرى حول امريكا، ترجمة احمد موختار جمال، المركز القومي للترجمة، القاهرة،2009، ص44.

( xii ) المصدر نفسه، ص ص 44-45.

( xiii ) المصدر نفسه، ص45.

( xiv ) المصدر نفسه، ص 46.

( xv ) Hüsamettin İnaç; Feyzullah Ünal, the Construction of National Identity in Modern Times: Theoretical Perspective, International Journal of Humanities and Social Science, Vol. 3 No. 11; June 2013, p.223.

( xvi ) صمويل ب-هنتنجتون، من نحن؟ مصدر سبق ذكره، ص 55.

( xvii ) ئەحمەد گۆلمحەمدی، سەرچاوەی پێشوو، لا221.

( xviii ) Soddy Kenneth , Identity Health and Value System , London, Tavistock , 1961 .p . 4 .

( xix ) رشيد عبدالله الشامي،اشكالية الهوية في اسرائيل،بحث منشو على شبكة المعلومات الدولية: www.sisi.gov.ps/Arabic/raya/3p. 16

( xx ) دنيش كوش، مفهوم الثقافة في العلوم الاجتماعية، ترجمة: منير السعيداني، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، 2007، ص 154.

( xxi ) المصدر نفسه.

( xxii ) عبدالحسين شعبان، جدل الهويات في العراق الدولة والمواطنة، دار العربية للعلوم الناشرون، بيروت، 2010، ص ص 23-24.

( xxiii ) محمد عابد الجابري، الهوية العربية: من صحيفة النبي إلى تفكك الخلافة، 2010، ص 3. موقع محمد عابد الجابري على شبكة المعلومات الدولية: www.aljabriabed.net

(xxiv) صمويل ب-هنتنجتون، من نحن؟ مصدر سبق ذكره، ص 55.
(xxv) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانه: اليكس ميكشيللي، الهوية، ترجمة: علي وطفة، دار الرسيم للخدمات المطبعية، سوريا، 1993، ص ص 18-22.
(xxvi) علي الدين هلال، الهوية: تعقيب على ورقة غسان سلامة، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، 1983، ص 82؛ ابراهيم الحيدري، اعادة انتاج الهوية: محاولة اولية لمعرفة الذات ونقدها، مجلة الثقافة الجديدة، بغداد، 2006، ص ص 94-107.
(xxvii) روز مكديرميت، المقاربات النفسية للهوية: التجريب والتطبيق، في راوي عبدالعال وآخرون، قياس الهوية، مصدر سبق ذكره، ص 473.
(xxviii) آيان كريب، النظرية الاجتماعية: من بارسونز الى هابرماس، ترجمة: محمد حسين غلام، عالم المعرفة (244)، 1999، ص 133.
(xxix) حميد فاضل حسن، أزمة الهوية في الكيان الإسرائيلي، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، 2001، ص33.
(xxx) أمين معلوف، الهويات القاتلة: قراءات في الانتماء والعولمة، ترجمة: نبيل محسن، ورد للطباعة والنشو والتوزيع، دمشق، 1999، ص 22.
(xxxi) نقلا عن: عزيز مشواط، اشكالية الهوية في العلوم الانسانية: مأزق الاشكال وقلق المفهوم، الحوار المتمدن، 2005/9/11، على شبكة المعلومات الدولية: http://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=45253&r=0
(xxxii) تيد هويف، علاقات الهوية والفجوة الصينية-السوفيتية، في راوي عبدالعال وآخرون، قياس الهوية، مصدر سبق ذكره، ص ص 388-390.
(xxxiii) روز مكديرميت، المقاربات النفسية للهوية: التجريب والتطبيق، في راوي عبدالعال وآخرون، قياس الهوية، مصدر سبق ذكره، ص 473.
(xxxiv) لورا ادامز، تقنيات قياس الهوية في البحوث الإنثوجرافية، في راوي عبدالعال وآخرون، قياس الهوية، مصدر سبق ذكره، ص 435.
(xxxv) راوي عبدالعال وآخرون، الهوية كعامل متغير، في كتاب: قيلس الهوية: دليل للمختصصين في العلوم الاجتماعية، تحرير: راوي عبدالعال وآخرون، مصدر سبق ذكره، ص ص 35-37.
(xxxvi) دنيش كوش، مصدر سبق ذكره، ص ص 152-158.
(xxxvii) نقلا عن: هارلمبس وهولمورن، مصدر سبق ذكره، ص 105.
(xxxviii) لؤي خزعل جبر، الهوية الوطنية العراقية: دراسة ميدانية، المركز العراقي للمعلومات والدراسات، بغداد، 2008، ص 64.
(xxxix) H. Tajfel, Human Groups and Social Categories, Cambridge University Press, 1981, P. 255.
(xl) نقلا عن: هارلمبس وهولمورن، مصدر سبق ذكره، 93.
(xli) أمارتيا صن، الهوية والعنف: وهم المصير الحتمي ، ترجمة: سحر توفيق، علم المعرفة (542)، الكويت، 2008، ص 34.
(xlii) هيفا احمد محمد، اشكالية الهوية الوطنية العراقي، مجلة الدراسات الدولية، مركز الدراسات الاستراتيجية والدولية، جامعة بغداد، 2012، العدد 53، ص 2.
(xliii) سداد مولود سبع، الهوية الوطنية وتعزيز التعايش السلمي في العراق مجلة الدراسات الدولية، مركز الدراسات الاستراتيجية والدولية، جامعة بغداد، 2017، العدد 68، ص 106.
(xliv) مجموعة باحثين، المواطنة في مواجهة الطائفية، مركز الدراسات السياسية والاستراتيجية، الاهرام، مصر، 2009، ص 69.
(xlv) لورا لوكيتز، العراق والبحث عن الهوية الوطنية، ترجمة: دلشاد ميران، دار آراس للطباعة والنشر، اربيل، 2004، ص 114.
(xlvi) احمد غالب محي جعفر الشلاه، الهوية الوطنية العراقية: دراسة في اشكالية البناء والاستمرارية، رسالة ماجستير، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، 2010، ص ص 25-26.
(xlvii) جنا بطاطو، العراق: الطبقات الاجتماعية والحركات الثورية من العهد العثماني حتى قيام الجمهورية، الكتاب الاول، ترجمة: عفيف الرزاز، منشورات فرصاد، طهران، 2005، ص 60.
(xlviii) وزارة الداخلية، المجموعة الاحصائية لتسجيل (1957)، القطر العراقي، الجزء السدس عشر، بغداد، 1964.
(xlix) تویژەر وانابینێت ئەم ژمارانە ورد دورستبن، چونکە هیچ سەرژمێریەکی فەرمی باوەڕپێکراو لەکاتی ئێستادا لەبەردەستدا نییە. نوسینی ئەو ژمارە ئاماریانەش لەم سەرچاوانەوە وەرگیراوە: 1- ليام اندرسن وغاريث ستانسفيلد، عراق

المستقبل: ديكتاتورية-ديمقراطية أم تقسيم؟ ترجمة: رمزي ق.بدر، شركة دار الوراق للنشر، لندن، 2005، ص 27.؛ شيركو كرمانج، الهوية والامة في العراق، ترجمة: عوف عبدالرحمن عبدالله، دار الساقي بالاشتراك مع دار آراس للطباعة والنشر، أربيل، 2015، ص ص 22-23.؛ كردستان سالم سعيد، اثر التعددية الاثنية على الوحدة الوطنية في العراق، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، 2008، ص ص 195-180.

( l) ئاراس فەتاح، شوناس وململانێ لەكۆمەڵگای دوای جەنگ، گۆڤاری رەهەند، نیوەندی رەهەند بۆ لێكۆڵینەوەی كوردی، ژمارە (16-17)، 2004، 88..

( li) بۆ نمونە بۆ كاریگەری پرۆسەی بەعەرەبكردن وكۆچپێكردنی بەزۆر لەسەر ناوچە كوردیەكان وكاریگەری لەسەر شوناسی دانیشتوان بڕوانە: ابراهيم قاسم درويش محمد بالاني، التغيير الثقافي لسكان منطقة شيخ باوة: دراسة في جيوبولتيك الثقافات، مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية، المجلد (4)، العدد (2)، السنة الرابعة، 2009.

( lii) الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الأحصائية لستجيل عام 1957، لوائي الموصل واربيل، ص171.

( liii) مديرية الأمن العامة، مركز التطور الأمني، التعداد القومي للسكان، سري، ص63.

( liv) الجمهورية العراقية،وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الأحصائية لستجيل عام 1957، لوائي السليمانية و كركوك، ص243.

( lv) مديرية الأمن العامة، مركز التطور الأمني، التعداد القومي للسكان، سري، ص56

( lvi) الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الأحصائية لستجيل عام 1957، لوائي ديالى، ص107.

( lvii) مديرية الأمن العامة، مركز التطور الأمني، التعداد القومي للسكان، سري، ص96.

( lviii) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو سیاسەتانەی لەوڵاتاندا گیراونەتە بەر بەرامبەر بەكەمە نەتەوایەتی و ئاینیەكان وڕێگاكان مامەڵكردن لەگەڵ جیاوازیە كلتوریەكاندا بڕوانە: ئاراس فەتاح، شوناس، سەرچاوەی پێشوو، ل88-89.؛ جاك سيترن، الموازنة بين الهوية الوطنية والهوية العرقية: سيكولوجيا الواحد من المتعدد، في راوي عبدالعال وآخرون، قياس الهوية، مصدر سبق ذكره، ص 202.

( lix) مادەی (3) لەدەستوری هەمیشەی عێراق.

( lx) خليل مخيف الربيعي، الطائفية في العراق، مجلة مدارك، مركز مدارات للبحوث والدرسات، العدد (5-6)، بغداد، 2007، ص 7.

( lxi) رشيد عمارة ياس الزيدي، ازمة الهوية العراقية في ظل الاحتلال، في استراتيجية التدمير: آليات الاحتلال اللامريكي للعراق ونتائجه (الطائفية-الهوية الوطنية- السياسات الاقتصادية)، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، 2006، ص 60.

( lxii) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: المصدر نفسه، ص ص 65-68.

( lxiii) ظاهر محسن هاني ونعيم حسين كزار، الدولة والمواطنة: نحو مفهوم مركب للهوية الوطنية العراقية، مجلة جامعة بابل، كلية العلوم الانسانية، 2016، المجلد 24، العدد 1، ص ص 550-551.

( lxiv) خيري عبدالرزاق جاسم وعلي دريول محمد الجبوري، العملية السياسية في العراق: الطبيعة والمشكلات التي تعترضها، في مستقبل العراق في ظل المتغيرات المحلية والاقليمية والدولية، مطبعة رهند، السليمانية، 2013، ص ص283-285.

( lxv) ئاراس فەتاح، سەرچاوەی پێشوو، ل 94-95.

( lxvi) عمارة الكعبي، مشوار الطائفية في العراق: دراسة في تغيب مجتمع الدولة، مجلة مدارك، مركز مدارات للبحوث والدرسات، العدد (5-6)، بغداد، 2007، ص 31.

( lxvii) بۆ زنیاری زیاتر دەربارەی ئەم بابەتانە بڕوانە: ياسين آشور جوهر، ادار النخبة السياسية في اقليم كردستان العراق (1991-2013)، اطروحة دكتوراه، كلية العلوم السياسية، جامعة النهرين، 2016، ص ص 221-228.

( lxviii) زانا رؤوف كريم، السياسة التشريعية في العراق: دراسة تطبيقية في التشريعات الدستوري، دار سردم للطباعة والنشر، السليمانية، 2012، ص114.؛ حامد محمود عيسى، القضية الكوردية في العراق: من الاحتلال البريطاني الى الغزو الامريكي (1914-2004)، مكتبة مدبولي، القاهرة، 2004، ص559.

( lxix) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئیشكالیەتی شوناس لەدەستوری هەمیشەی عێراق بڕوانە:

( lxx) بڕوانە ئەنجامی هەڵبژاردنەكانی ئەنجومەنی نوێنەریانی عێراق (2005) (2009) (2013) (2018) لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان لەعێراق لەسەر ماڵپەڕی فەرمی كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان: http://www.ihec.iq/page6.aspx

( lxxi) شێركۆ كرمانج، سەرچاوەی پێشوو، ل 271.

(lxxii) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی توند تیژی تایفی و ژمارەی كوژراوەكان لەعێراقدا لەماوەی ساڵانی (2006-2007) بڕوانە: تقارير بعثة الامم المتحدة لتقدم المساعدة للعراق (يونامي): تقرير حقوق الانسان للفترة ( 1آذار -30 نيسان 2016)؛ تقرير حقوق الانسان للفترة (1تموز-31 آب 2016)؛ تقرير حقوق الانسان للفترة (1 نيسان-30 حوزيران 2007)؛ وتقرير

حقوق الانسان للفترة (1 كانون الثاني- 31 آذار 2007). جميع هذه التقاري موجودة على الموقع الرسمي للمنظمة: http://www.uniraq.org/index.php?option=com_k2&view=itemlist&layout=category&task=category&id=168&Itemid=644&lang=ar&limitstart=20

( lxxiii) للمزيد من التفصيل حول اداء نوري المالكي في فترة رئاساته للحكومة العراقية ينظر: سياسات مالكي: السعي للخلاص الفردي على حساب العراق، تقرير موقف، وحدة التحليل السياسات في المركز العربي، المركز العربي للابحاث ودراسة السياسات، يناير 2014؛ جيمس جيفري، كيف تسبب المالكي في تصدع العراق، معهد واشنطن لسياسة الشرق الادني، مقال مشنور على العنوان الالكتروني: https://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/view/how-maliki-broke-iraq.؛بيرغيت سفينسون، نوري المالكي، حصاد الفشل والطائفية البغيضة، ترجمة: رائد الباش، مقال مترجم على العنوان الالكتروني: https://ar.qantara.de/content/nwry-lmlky-wlzm-fy-lrq-nwry-lmlkyhsd-lfshl-wltyfy-lbgyd

( lxxiv) غسان العزي، سياسة القوة: مستقبل النظام الدولي والقوى العظمى، مركز الدراسات الاستراتيجية والبحوث والتوثيق، بيروت، 2001، ص 117.

( lxxv) علي يوسف الشكري، حقوق الانسان في ظل العولمة، دار أسامة للنشر والتوزيع، عمان-الاردن، 2006، ص 13.

( lxxvi) ياسين ئاشوور جوهر، بەجیهانیبون وپرسی دەولەت، توێژینەوەی دەرچوون، قوناغی چوارەم، کۆلێژی یاساو رامیاری، بەشی زانستە رامیاریەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ساڵی خویندن 2003-2004، لا 19-20.

( lxxvii) محمد سعيد أبو زعرور، العولمة، دار البيارق- عمان ، الأردن، 1998م، ص 14.

( lxxviii) شيد ابو ضيف احمد، الهيمنة الامريكية: نموذج القطب الواحد وسيناريوهات الدولي الجديد،عالم المعرفة (31)، الكويت، 2003، ص33.

( lxxix) ئەحمەد گولمحەمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل 250.

( lxxx) للمزيد من التفاصيل ينظر: صمويل ب-هنتنجتون، من نحن؟، مصدر سبق ذكره، ص ص 45-46.

( lxxxi) محمد عابد الجابري، الهوية- العولمة- المصلح الوطنية، أوراق عربية 1، مركز الدرسات الوحدة العربية، بيروت، 2011، ص ص 24-25.

( lxxxii) ئەحمەد گوڵمحەمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل 247.

( lxxxiii) بۆ زانیاری زیاتر بروانە: محمد صادق الهاشمي وجمعة العطواني، شيعة العراق: مصادر القوة والتحديات: دراسة لأبرز التحولات السياسية لشيعة العراق بعد 2003، مركز العراق للدراسات، مطبعة الساقي، بغداد، ط1، 2014، ص89؛ لماذا ولاية الفقيه: لەسەر ماڵپەری فەرمی کەتائیبی حزب الله: http://www.kataibhizbollah.com/.

( lxxxiv) ريناد منصور، المأزق السنّي في العراق، مركز كارنيغي للشرق الاوسط: 3 آذار 2016: http://carnegie-mec.org/2016/03/03/ar-pub-62945

( lxxxv ) 98 percent of the people of South Kurdistan vote for independence. Published AT: https://www.indybay.org/newsitems/2005/02/09/17205061.php

( lxxxvi) دەقی ئەنجامی کۆتایی پرۆسەی راپرسی سەربەخۆی هەرێمی کورستان (2017/9/25) کە لەلایەن کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی هەرێمی کوردستان لە (2017/10/4) واژۆکراوە. لەسەر ماڵپەری فەرمی (k24): http://www.kurdistan24.net/so/news/f8b328c3-7a08-4697-8902-9d3910ccf582

( lxxxvii) خلاصة سنوية لصادرات العراق من النفط الخام 2018. على الموقع الرسمي لورزارة النفط العراقي على شبكة المعلومات الدولية: https://oil.gov.iq/index.php?name=Pages&op=page&pid=77

( lxxxviii) استراتيجية التخفيف من الفقر للعام 2018/2022، وزارة التخطيط العراق، تقرير منشور على العنوان ارسمي للوزارة على شبكة المعلومات الدولية: http://www.cabinet.iq/ArticleShow.aspx?ID=8072

( lxxxix) وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء وتكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية للسنوات المختلفة. كذلك وزارة التخطيط: نسبة البطالة بين شباب العراق بلغت 22.6%، على الموقع الرسمي لشبكة روداو الاعلامية: http://www.rudaw.net/arabic/middleeast/iraq/230820186

( xc) صندوق النقد الدولي: ادارة الشرق الاوسط وآسيا الوسطى، الفرصة للجميع. 2018، ص 51.

( xci) بۆ زانیاری زیاتر بروانە: تغريد داود سلمان داود، الفساد الاداري والمالي في العراق واثره الاجتماعي والاقتصادي (اسبابه-انواعه-مظاهره- وسبل معالجته، مجلة الغري للعلوم الاقتصادية والادارية، جامعة كوفة، السنة (11)، المجلد (10)، العدد (33)، 2015.

( xcii) بۆ زانیاری زیارت بروانە: راپۆرتی ساڵی (2017) رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی CORRUPTION PERCEPTIONS INDEX 2017 لەسەر ماڵپەری فەرمی رێکخراوەکە: www.transparency.org/cpi

(xciii) بڕوانە دەقی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی (2019) دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ لەسەر ماڵپەری روداو: http://www.rudaw.net/Library/Files/Uploaded%20Files/0/arabi%20PDF/2019.pdf

(xciv) إبراهيم الحيدري، المكونات الاجتماعية والثقافات الفرعية واشكالية الهوية في العراق، البحث المقدم الى الملتقى الفكري الأول للحوار الوطني -بغداد من 2-3 تشرين الاول 2009.منشور على الموقع الالكتروني: https://elaph.com/Web/ElaphWriter/2009/10/497468.html

(xcv) قحطان حسين طاهر، دور العشيرة في تشكيل الدولة العراقية الحديثة، مقال منشور على الموقع الرسمي لجريدة الحياة على شبكة المعلومات الدولية: https://www.facebook.com/yasinashur/posts/2039696806067190?comment_id=2039793216057549&notif_id=1548887809447023&notif_t=feed_comment

(xcvi) علي عباس مراد، اشكالية الهوية الوطنية في العراق: الأصول والحلول، مجلة العلوم السياسية، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، العدد (41)، 2010، ص ص 273-274.

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوەکان بەزمانی کوردی

یەکەم: دەستور وياساکان

1- دەستوری هەمیشەی عێراق (2005).

**دووەم: کتێب**

1- عەلی زەڵەمی، پرسی شوناس: لەمژدەکانی مۆدێرنەوە بۆ کۆمەڵگاکانی پۆست مۆدێرنە، چاپخانەی شفان، سلێمانی، 2012.

2- ئەحمەد گۆلمحەمدی،بەجیهانیبون-کلتور-شوناس، وەرگێرانی: عەولا بەهرامی، چاپخانەی خانی، دهۆك، 2007.

**سێیەم: نامەو تێزی ئەکادیمی**

1- یاسین ئاشوور جوهر، بەجیهانیبون وپرسی دەوڵەت، توێژینەوەی دەرچوون، قۆناغی چوارەم، کۆلێژی یاساو رامیاری، بەشی زانستە رامیاریەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ساڵی خویندن 2003-2004.

**چوارەم: گۆڤارەکان**

1- ئاراس فەتاح، شوناس وململانێ لەکۆمەڵگای دوای جەنگ، گۆڤاری رەهەند، نیوەندی رەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، ژمارە (16-17)، 2004.

**پێنجەم: ئینتەرنێت**

1- دەقی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی (2019) دەوڵەتی عێراق فیدراڵ لەسەر ماڵپەری روداو: http://www.rudaw.net/Library/Files/Uploaded%20Files/0/arabi%20PDF/2019.pdf

2- دەقی ئەنجامی کۆتایی پرۆسەی راپرسی سەربەخۆی هەرێمی کورستان (2017/9/25) کە لەلایەن کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی هەرێمی کوردستان لە (2017/10/4) واژۆکراوە. لەسەر ماڵپەڕی فەرمی (k24): http://www.kurdistan24.net/so/news/f8b328c3-7a08-4697-8902-9d3910ccf582

3- راپۆرتی ساڵی (2017) رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی CORRUPTION PERCEPTIONS INDEX 2017 لەسەر ماڵپەڕی فەرمی رێکخراوەکە: www.transparency.org/cpi

4- عەبدولموتەڵیب عەبدولا، مەریوان وریا قانع: ناسنامەی نەتەوەیی، زنجیرە وتارێکە لەسەر ناسنامە، لەسەر ماڵپەری دەنگەکان لە2018/7/31. https://dengekan.info/archives/7827

5- عەزیز شێخانی، هەڵوێستەیەك لەسەر ناسنامەوشوناسی سیاسی کورد، نوسینکە لەسەر ماڵپەرکورد چەناڵ بلاوکراوەتەوە لە2016/10/6. kurdch.tv/Direjewitar.aspx?Jimare=1795؛

6- ئەنجامی هەڵبژادنەکانی ئەنجومەنی نوێنەریانی عێراق (2005) (2009) (2013) (2018) لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەعێراق لەسەر ماڵپەڕی فەرمی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان: http://www.ihec.iq/page6.aspx

**سەرچاوەكان بەزمانی عەرەبی**

**یەكەم: فەرهەنگ**

1- ابن منظور، لسان العرب، المجلد (16)، دار صادرللطباعة والنشر، بيروت، 2004، ص116.

2- جميل سلبيا، المعجم الفلسفي، دار الكتاب اللبناني، بيروت، ط2، 1979، ص ص 529-530.

3- المنجد في اللغة العربية المعاصرة، دار الشروق، بيروت، ط2، 20101، ص1439.

**دووەم: كتێب**

1- أمارتيا صن، الهوية والعنف: وهم المصير الحتمي ، ترجمة: سحرتوفيق، علم المعرفة (542)، الكويت، 2008.

2- أمين معلوف، الهويات القاتلة: قراءات في الانتماء والعولمة، ترجمة: نبيل محسن، ورد للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، 1999.

3- آيان كريب، النظرية الاجتماعية: من بارسونز الى هابرماس، ترجمة: محمد حسين غلام، عالم المعرفة (244)، 1999.

4- جنا بطاطو، العراق: الطبقات الاجتماعية والحركات الثورية من العهد العثماني حتى قيام الجمهورية، الكتاب الاول، ترجمة: عفيف الرزاز، منشورات فرصاد، طهران، 2005..

5- حامد محمود عيسى، القضية الكوردية في العراق: من الاحتلال البريطاني الى الغزو الامريكي (1914-2004)، مكتبة مدبولي، القاهرة، 2004.

6- خيري عبدالرزاق جاسم وعلي دربول محمد الجبوري، العملية السياسية في العراق: الطبيعة والمشكلات التي تعترضها، في مستقبل العراق في ظل المتغيرات المحلية والاقليمية والدولية، مطبعة رهند، السليمانية، 2013.

7- دنيش كوش، مفهوم الثقافة في العلوم الاجتماعية، ترجمة: منيرالسعيداني، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، 2007.

8- رشيد عمارة ياس الزيدي، ازمة الهوية العراقية في ظل الاحتلال، في استراتيجية التدمير: آليات الاحتلال اللامريكي للعراق ونتائجه (الطائفية- الهوية الوطنية- السياسات الاقتصادية)، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، 2006.

9- زانا رؤوف كريم، السياسة التشريعية في العراق: دراسة تطبيقية في التشريعات الدستوري، دار سردم للطباعة والنشر، السليمانية، 2012. 10- شيد ابو ضيف احمد، الهيمنة الامريكية: نموذج القطب الواحد وسيناريوهات الدولي الجديد،عالم المعرفة (31)، الكويت، 2003.

11- شيركو كرمانج، الهوية والامة في العراق، ترجمة: عوف عبدالرحمن عبدالله، دار الساقي بالاشتراك مع دار آراس للطباعة والنشر، أربيل، 2015.

12-صمويل ب-هنتنجتون، من نحن؟ المناظرة كبرى حول امريكا، ترجمة احمد موختار جمال، المركز القومي للترجمة، القاهرة،2009.

13- عبدالحسين شعبان، جدل الهويات في العراق الدولة والمواطنة، دار العربية للعلوم الناشرون، بيروت، 2010.

14-علي الدين هلال، الهوية: تعقيب على ورقة غسان سلامة، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، 1983.

15-علي يوسف الشكري، حقوق الانسان في ظل العولمة، دار أسامة للنشر والتوزيع، عمان-الاردن، 2006.

16- غسان العزي، سياسة القوة: مستقبل النظام الدولي والقوى العظمى، مركز الدراسات الاستراتيجية والبحوث والتوثيق، بيروت، 2001.

17-كردستان سالم سعيد، اثر التعددية الاثنية على الوحدة الوطنية في العراق، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، 2008.

18- كلود دوبار، أزمة الهويات: تفسيرتحول، ترجمة: رندة بعث، المكتبة الشرقية، بيروت، 2008.

19- لورا لوكيتز، العراق والبحث عن الهوية الوطنية، ترجمة: دلشاد ميران، دارآراس للطباعة والنشر، اربيل، 2004.

20- لؤي خزعل جبر، الهوية الوطنية العراقية: دراسة ميدانية، المركز العراقي للمعلومات والدراسات، بغداد، 2008.

21- ليام اندرسن وغاريث ستانسفيلد، عراق المستقبل: ديكتاتورية-ديمقراطية أم تقسيم؟ ترجمة: رمزي ق.بدر، شركة دار الوراق للنشر، لندن، 2005.
22- مجموعة باحثين، قياس الهوية: دليل للمختصصين في العلوم الاجتماعية، تحرير: راوي عبدالعال وآخرون، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، دراسات مترجمة 65، ابو ظبي، ط1، 2014.
23- مجموعة باحثين، المواطنة في مواجهة الطائفية، مركز الدراسات السياسية والاستراتيجية، الاهرام، مصر، 2009.
24- محمد سعيد أبو زعرور، العولمة، دار البيارق- عمان ، الأردن، 1998م.
25- محمد صادق الهاشمي وجمعة العطواني، شيعة العراق: مصادر القوة والتحديات: دراسة لأبرز التحولات السياسية لشيعة العراق بعد 2003، مركز العراق للدراسات، مطبعة الساقي، بغداد، ط1، 2014.
26- محمد عابد الجابري، الهوية- العولمة- المصلح الوطنية، أوراق عربية 1، مركز الدرسات الوحدة العربية، بيروت، 2011.
27- اليكس ميكشيللي، الهوية، ترجمة: علي وطفة، دار الرسيم للخدمات المطبعية، سوريا، 1993، ص ص 18-22.

**سێیەم: نامەو تێزی ئەکادیمی**

1- حميد فاضل حسن، أزمة الهوية في الكيان الإسرائيلي، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، 2001.
2- احمد غالب محي جعفر الشلاه، الهوية الوطنية العراقية: دراسة في اشكالية البناء والاستمرارية، رسالة ماجستير، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، 2010.
3- ياسين آشور جوهر، اداء النخبة السياسية في اقليم كردستان العراق (1991-2013)، اطروحة دكتوراه، كلية العلوم السياسية، جامعة النهرين، 2016.

**چوارەم: گۆڤارەکان**

1- ابراهيم الحيدري، اعادة انتاج الهوية: محاولة اولية لمعرفة الذات ونقدها، مجلة الثقافة الجديدة، بغداد، 2006.
2- ابراهيم قاسم درويش محمد بالاني، التغيير الثقافي لسكان منطقة شيخ باوة: دراسة في جيوبولتيك الثقافات، مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية، المجلد (4)، العدد (2)، السنة الرابعة، 2009.
3- تغريد داود سلمان داود، الفساد الاداري والمالي في العراق واثره الاجتماعي والاقتصادي (اسبابه-انواعه-مظاهره- وسبل معالجته، مجلة 4- الغري للعلوم الاقتصادية والادارية، جامعة كوفة، السنة (11)، المجلد (10)، العدد (33)، 2015.
5- خليل مخيف الربيعي، الطائفية في العراق، مجلة مدارك، مركز مدارات للبحوث والدرسات، العدد (5-6)، بغداد، 2007.
6- سداد مولود سبع، الهوية الوطنية وتعزيز التعايش السلمي في العراق مجلة الدراسات الدولية، مركز الدراسات الاستراتيجية والدولية، جامعة بغداد، 2017، العدد 68.
7- سياسات مالكي: السعي للخلاص الفردي على حساب العراق، تقرير موقف، وحدة التحليل السياسات في المركز العربي، المركز العربي للابحاث ودراسة السياسات، يناير 2014.
8- ظاهر محسن هاني ونعيم حسين كزار، الدولة والمواطنة: نحو مفهوم مركب للهوية الوطنية العراقية، مجلة جامعة بابل، كلية العلوم الانسانية، ،المجلد 24، العدد 1، 2016.
9- علي عباس مراد، اشكالية الهوية الوطنية في العراق: الأصول والحلول، مجلة العلوم السياسية، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، العدد (41)، 2010..
10- عمارة الكعبي، مشوار الطائفية في العراق: دراسة في تغيب مجتمع الدولة، مجلة مدارك، مركز مدارات للبحوث والدرسات، العدد (5-6)، بغداد، 2007.
11- محمد تميم، أوراق في منهج التغيير، سلسلة "اخترت لكم"، العدد 5، مطبعة النجاح الجديدة، 2000..

12- هيفا احمد محمد، اشكالية الهوية الوطنية العراقي، مجلة الدراسات الدولية، مركز الدراسات الاستراتيجية والدولية، جامعة بغداد، 2012، العدد 53 .

**پێنجەم: راپۆرت وبڵاوکراوەی میری ونێودەوڵەتی**

1- وزارة الداخلية، المجموعة الاحصائية لتسجيل (1957)، القطر العراقي، الجزء السدس عشر، بغداد، 1964.

2- الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الأحصائية لستجيل عام 1957، لوائي الموصل و اربيل.

3- مديرية الأمن العامة، مركز التطور الأمني، التعداد القومي للسكان، سري.

4- الجمهورية العراقية،وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الأحصائية لستجيل عام 1957، لوائي السليمانية و كركوك.

**شەشەم: ئینتەرنێت**

1- إبراهيم الحيدري، المكونات الاجتماعية والثقافات الفرعية واشكالية الهوية في العراق، البحث المقدم الى الملتقى الفكري الأول للحوار الوطني -بغداد من 2-3 تشرين الاول 2009.
https://elaph.com/Web/ElaphWriter/2009/10/497468.html

2- استراتيجية التخفيف من الفقر للعام 2022/2018، وزارة التخطيط العراق، تقرير منشور على العنوان ارسمي للوزارة على شبكة المعلومات الدولية: http://www.cabinet.iq/ArticleShow.aspx?ID=8072

3- بيرغيت سفينسون، نوري المالكي، حصاد الفشل والطائفية البغيضة، ترجمة: رائد الباش، مقال مترجم على العنوان الالكتروني: https://ar.qantara.de/content/nwry-lmlky-wlzm-fy-lrq-nwry-lmlkyhsd-lfshl-wltyfy-lbgyd

4- تقارير بعثة الامم المتحدة لتقدم المساعدة للعراق (يونامي): تقرير حقوق الانسان للفترة (1آذار -30 نيسان 2016)؛ تقرير حقوق الانسان للفترة (1تموز-31 آب 2016)؛ تقرير حقوق الانسان للفترة (1 نيسان-30 حوزيران 2007)؛ وتقرير حقوق الانسان للفترة (1 كانون الثاني- 31 آذار 2007). جميع هذه التقاري موجودة على الموقع الرسمي للمنظمة:
http://www.uniraq.org/index.php?option=com_k2&view=itemlist&layout=category&task=category&id=168&Itemid=644&lang=ar&limitstart=20

5- جيمس جيفري، كيف تسبب المالكي في تصدع العراق، معهد واشنطن لسياسة الشرق الادني، مقال مشنور على العنوان الالكتروني: https://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/view/how-maliki-broke-iraq.:

6- خلاصة سنوية لصادرات العراق من النفط الخام 2018. على الموقع الرسمي لورزارة النفط العراقي على شبكة المعلومات الدولية: https://oil.gov.iq/index.php?name=Pages&op=page&pid=77

7- رشيد عبدالله الشامي،اشكالية الهوية في اسرائيل،بحث منشوعلى شبكة المعلومات الدولية: www.sisi.gov.ps/Arabic/raya/3p. 16

8- ريناد منصور، المأزق السنّي في العراق، مركز كارنيغي للشرق الاوسط: 3 آذار 2016: http://carnegie-mec.org/2016/03/03/ar-pub-62945

9- عزيز مشواط، اشكالية الهوية في العلوم الانسانية: مأزق الاشكال وقلق المفهوم، الحوار المتمدن، 2005/9/11، على شبكة المعلومات الدولية: http://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=45253&r=0

10- قحطان حسين طاهر، دور العشيرة في تشكيل الدولة العراقية الحديثة، مقال منشور على الموقع الرسمي لجريدة الحياة:
https://www.facebook.com/yasinashur/posts/2039696806067190?comment_id=2039793216057549&notif_id=1548887809447023&notif_t=feed_comment

11- لماذا ولاية الفقيه: http://www.kataibhizbollah.com/

12- محمد عابد الجابري، الهوية العربية: من صحيفة النبي إلى تفكك الخلافة، 2010، ص 3. موقع محمد عابد الجابري:

www.aljabriabed.net

13- وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء وتكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية للسنوات المختلفة.

كذلك وزارة التخطيط:نسبة البطالة بين شباب العراق بلغت 22.6%:

www.rudaw.net/arabic/middleeast/iraq/230820186

**سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی**

**یەکەم: کتێب**

1- H. Tajfel, Human Groups and Social Categories, Cambridge University Press, 1981.

2- Soddy Kenneth , Identity Health and Value System , London, Tavistock , 1961 .

3-Stuart Hall, the Question of Social Identity, in Stuart Hall, David Held, Anthony G. McGrew, Modernity and its futures, Polity Press in association with the Open University, Cambridge,1992.

**دووەم:گۆڤارو ئینتەرنێت**

1- Hüsamettin İnaç; Feyzullah Ünal, the Construction of National Identity in Modern Times: Theoretical Perspective, International Journal of Humanities and Social Science, Vol. 3 No. 11; June 2013, p.223

2- 98 percent of the people of South Kurdistan vote for independence. Published AT:

3- https://www.indybay.org/newsitems/2005/02/09/17205061.php

https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/identity